# خەنەبەندان

سالی بیست و یەکەم .ژمارە ( 5831 ) دووشەممە ٢٠١٢/٧/١٦

ڕێزگرتنی کوردستانی نوێ
لە هونەرمەند
کەریم کابان



فۆتۆ: حەمە عومەر

# ڕێزلێنان لەکابان

بڵاوکراوەی (خەنەبەندان) بۆ ڕێزلێنانە لەتێکۆشانی هونەری کێڵێکی بەرزی گۆرانی کوردی، مامۆستا کەریم کابان، ڕێزلێنانی (کوردستانی نوێ)یە لەرەنج و ماندوێتییەکی زیاتر لەپەنجا ساڵە کەپڕە لەوێستگەی پوخت و کەمەندکێشی گۆرانی وتن و ئاواز دانان و تێکست هەڵبژاردن لە پێش هەموو شتێکیش ڕێزلێنانی هاوڕێ و دۆست و ئۆگرانی دەنگی کابانە کە لەم (خەنەبەندان)ەدا رەهەندە جیاجیاکانی بەشداری کەریم کابان لەگەشانەوەی هونەر و فەرهەنگی کوردستاندا هەڵدەسەنگێنن و شوێنی شایانی خۆی پێدەدەن وەک خوێندنگەیەکی چۆنایەتی ئەفراندن کە لەسەر دوو پایەی: کەمی و پوختی، دەوڵەمەندی و کاریگەری دانان و ڕۆنراوە.

دەنگی کابان و سۆزی ئاواز و شێوازی گوتن و هەڵبژاردن و هەندێک جار دانانی تێکستی گۆرانیش گەواهی کردەنییە لەسەر ئەوەی ئێمە لەبەردەم ئەزموونێکی تایبەتی هونەرداین کەخاوەنەکەی دەزانێ چی دەکا و چی دەڵێ و کەی و چۆنی دەیڵێت؟ هەر لەتەجرەبەی پەنجاکانەوە تا پێدانی تایبەتمەندی (کابان)ی بەو گۆرانییە دێرینانەی سۆزی سلێمانی و سۆزی کوردستانیان پێوەیە، تا گەشتی ناخودایەکی شارەزا بەنێو دەقی کلاسیکی وەلی دێوانە و بیسارانی بەتاموبۆی وەرگێڕانی پیرەمێردەوە و ئینجا دەورانی هەڵبژاردنی دەقی ڕۆمانسییانەی فرەیدون عەبدول بەرزنجی و دوای ئەوەش حەسرەتی لیریکی شاعیری لاو (ئەحمەد محەمەد)، هەموو ئەم دەرکەوتنە پوخت و دڵنشینانەی کەریم کابان کاروانی قۆناغی جیاجیای یەک ڕەوتی بەردەوام و نەفەس درێژی ئەفراندنن و یەک دەستپێک و یەک نیشتنەوەیان هەیە کەخەزێنەی زەنگینی ئالی کابانن لەکۆڕی هونەر و لەکۆڕی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا.

بڵاوکراوەی (خەنەبەندان) ناتوانێ لێرە ئیدعای ئەوەبکات لەم چەند لاپەڕەیەدا هەموو قوژبنێکی ئەزموونی هەمەلایەنەی کەریم کابانی تەی کردووە و بەسەرکردۆتەوە کە لەهەمانکاتدا تێکهەڵکێشێکە لەهونەری شارە حەیاتەکە و هونەری کوردستانیی بەتێکڕایی، بەڵام ئەتوانێ خاوەندارێتی لەو شانازییە بکات کە گوڵێکی سووری لەیەخەی خۆی داوە وەختێک پاشکۆیەکی ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەکەی تەرخانی ئەم (خەنەبەندانە) دوورودرێژەی هونەری کوردی کردووە کە لەتەوازوعیدا (تەونی پەپولە)ی لەخۆی ناوە.

ئێمە بەم ئەلبوومی یادگاری و ڕێزلێنانە میوانی مامۆستا کەریم کابان و هاوڕێ و دۆستەکانی ئەوین هەڵبەت لای سەخی تەبعان شەو مەحاڵە (روخسەتی میوانی شەو).

تەمەنی درێژ بۆ مامۆستا کەریم کابان و بەشدارانی ئەم دۆسێیە و ئافەرینکێش بۆ (مەحمود نەجمەدین)، ڕۆژنامەوانی کۆڵنەدەر کەهەدادانی نییە تادۆسێیەکەی ئامادەی چاپ دەبێت.

**لەجیاتی ستافی کوردستانی نوێ**
**ستران عەبدوڵڵا**



# دەنگێکی سەرمەدی بۆتە چلچرای شەوان



**دیاری قەرەداغی**

خستمیە خەیاڵی ئەو گۆرانییە نەمرانەی کە تائێستاش لەزەتی خۆیان ون نەکردووە و لەو دەمەی کە گوێی لێدەگریت وا هەست دەکەیت نۆبەرەی ئەو ساڵەیە.

گۆرانییەکن زۆربەی پێکهاتەکانی پڕن لە بابەتی تازە، پڕن لە سەرکێشی، پڕن لە وێنەی جوان و ساتی نەشئەبەخش، ئەو دەمەی گوێی لێدەگریت بەگۆرانی دوێنێ و رابردوو وێنا ناکرێت، بەڵکو هەمیشە خوێنێکی نوێ بە دەمارەکانیدا ڕەت دەبێت و پەلکێشت دەکات بۆ ناو خۆی و کۆنترۆڵت دەکات..

دەبێت سیحری ئەوە چی بێت کە گۆرانییەک پاش تێپەڕبوونی زەمەنێکی دوورو درێژ بەسەریدا پاش هەموو ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە بەسەر دنیادا بە گشتی و دنیای میوزیکدا بە تایبەت هاتووە، کەچی ئەم هەرسەرچڵ و پێشەوایە؟؟

دەبێت لوغزی سەردەمبوونی گۆرانییەک چی بێت، کە نایەوێت نازناوی گۆرانی ڕۆژ لەخۆ بگرێت، ئاخر ئێمە گۆرانی ڕۆژ و سەعات و بۆنەمان زۆرە و گەر زیادە ڕۆیش نەکەم گۆرانیشمان هەیە دوای تەواو بوون لە گوێگرتنی لەئەو کاتەی کە گۆرانییەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت تەمەنی بەسەر دەچێت..

لەم هەستمەوە دەستپێکێک بۆ گوزراشتێکی ڕۆحیی خۆم دەنێرم بۆ هونەرمەندی گەورەی میللەتەکەم مامۆستا (کەریم کابان)..

ئەگەر لەم زەمەنی ئێستادا و بە دیاریکراوی لە ساتەوەختی نوسینی ئەم نوسینەم هونەرکردن گران بێت، ئەوا بێ سێ و دوو، لەو زەمەنەی کە هونەرمەند (کەریم کابان)ی پێدا ڕەتبوو، هەر زۆر قورس و دژوارتر بووە، (دەنگخۆشی، ئاوازدانان، ئینتیما بوون بۆ جوانیی، سەرکێشی و دژە باوبوون، بەردەوامیی) سیمای هەرە گرنگی ئەم کەڵە هونەرمەندەن..

هەر ئەم سیمایانەش، لە قۆناغی خۆرسکبوونیەوە گواستەوە بۆ قۆناغی تێکەڵبوون بە ئەکادیمیی میوزیکی، ڕوونتر بڵێم، لە گۆرانی و میوزیکی ناو ماڵ و شوێنە گشتییەکان بۆ سەر شانۆ و نێو ستۆدیوکان، گواستنەوەی جۆرێک لە گۆرانی وتن کەلەتەنها دەنگ و ئامێرێکی رووتەڵ پێکهاتبوو، بۆ جۆرێکی سەردەمی ترکە ئەدا کردنی بەرهەمە هونەرییەکان لەگەڵ تیپێکی میوزیکی گەورەی وەک تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو..

ئەو بۆ نەوەی ئێستا وانەیەکی گرنگە بۆ بەردەوامیی و کۆڵنەدان، چونکە نە داخراوەیی کلتوور و نە وشەی عەیبەو، نە بەربەستەکانی ڕۆژگار و نە جەوری دەستەڵاتە یەکبەدوای یەکەکان کەمامۆستا کابانی پێدا ڕەتبوو، نەبوونە بێدەنگکردن و کپکردنی چریکەی بەرزی، بەپێچەوانەوە ئەم یاخیبوونەی کردیە (چلچرای شەوان)

گەر سەرنجی بەرهەمە گەورەکانی بدەین ئەم دیاردەیە بوونی زەق و دیارە، بونێکە کە ناتوانین چاوی لێ بنوقێنین و یان لەکاتی گوێ بیستی بەرهەمێکی ناوازەدا ئەو پرسیار و گومانەمان لا جێنەهێڵێت.

پرسیارێکە کە ئەو ڕەهەندانە چین و چۆنن کە وایکردوو گۆرانییەک بە نەمری لە نێوماندا بمێنێتەوە هەروەک گۆرانی (شەو) ی هونەرمەند کەریم کابان.

خۆ گەر بە تەنها
نو ستا لیژ ی
بوونە، ئەی خۆ
هاوزەمەنی ئەم
گۆ ر ا نییە
بە رهە ما نی
هو نە ر یی
کە سا نی
تر یش
هەبوون، بەڵام
نەیانتوانی لە فەزای هونەر و ستاتیکا مەزنەکەی ژمارەیەک بن!!

ئاخر نرخی ئەم بەرهەمانە لە کۆی گشتی بەرهەمەکەدایە لە بەرزی ئاواز و جوانی و سازگاری ئاوازەکاندایە کە هاوسۆزن لەگەڵ سەراپای جوانییەکانی وەرگر، ئاوازێک بە سادەیی دێت و بەڵام بە قوڵایی ناخەکاندا دەنیشێتەوە، بە سادەییەک دروستدەبێت کە هەموو پێمان وایە بتوانین دروستیان بکەین بەڵام کە بمانەوێت لاسایی بکەینەوە قورسیی و سەنگییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، ئاوازەکان لەوەی هەست بکەین میکانیکییە هەست بەوە دەکەین لە ڕۆحێکی زاهدەوە دروستکراوە، ڕۆحێکە هێشتا بە دنیای جەنجاڵی مادەوە تۆزاوی نەبووە، بۆ هامڕابوونی ئەم ئاوازانەش تێکستە بەرزەکان بەرجەستەکراون کە و شەگەلێکن گوزارشتیان لە حەسرەت و قەهری ئینسانە بە گشتی و بەدەرخستنی ئەو پەڕی جوانیبینن و فەنتازیای وێنەکانە، شیعرێکن بۆ خەمێک بۆ سروشتێک کە مرۆڤ تێدا سەرکەشە، کە ئینسان تێیدا گەورەیە، کە بوونت وەک ئادەمیزاد رادەچڵەکێنێت و شکۆت دەگەڕێننەوە.

بەشێکی تری نەمری ئەم گۆرانییانە جوان وتن و بەرز ئەدا کردنە، کە لەو کاتەی گۆرانیبێژ یان موزیسیانەکان هەست بەوە دەکەن کە پێویستە لە ئاستی شیعر و ئاواز و ڕێکخستنی میوزیکدا کار بکەن، ئەو هەستی بەرپرسیارێتیە دەتخاتە بەردەم پێشبڕکێیەکی جوانی کە لە ئەنجامدا بەرهەمێکت بۆ دەنەخشێنێت نەمرە و کوڕی سەردەمە.



# ژياننامەی هونەرمەند کەريم کابان

لەساڵی ١٩٢٧ لەگەڕەکی مەڵکەندی لەشاری سلێمانی لەخێزانێکی ئاینی و بەهرەمەند بەدەنگخۆشی هاتوەتەدونیاوە .لەساڵی ١٩٤١لەپۆلی پێنجی سەرەتایی دەبێت بۆیەکەم جار هەست بەبەهرەی هونەری خۆی دەکات و لە چالاکی قوتابخانەکاندا بەشداری دەکات. ئەوەیەکەم ویستگەی گۆرانی گوتنی دەبێت. لەساڵی ١٩٤٥ لە ئیستگەی بەغدا هەموو رۆژی هەینییەک بۆ ماوەی نیوکاتژمێر راستەوخۆ گۆرانی گوتووە بەبێ تۆمارکردن، هەر لەوسەردەمەدا وەک پۆلیسی بێ تەل دادەمەزرێ و بەشداری دەکات لەدەورەی پۆلیسیدا. تا ساڵی ١٩٤٦ لەئیستگە دادەبڕێ و دەگەڕێتەوە سلێمانی لەساڵی ١٩٥١دا بەهرەی ئاوازدان لەخۆیدا دەدۆزێتەوە. و دەست بەئاوازدانان دەکات لەساڵی ١٩٥٤ پێنج گۆرانی فۆلکلۆر تۆمار دەکات لەگەڵ سێ گۆرانی تردا. ساڵی ١٩٦١ئاوازبۆگۆرانی لەدرزی پەچەوە دادەنێت. کەیەکێکە لەبەرهەمەناوازەکان. ساڵی ١٩٧٥ کاتێک وەزیفەکەی دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی پەیوەندی دەکات بە تیپی مۆسیقای سلێمانیەوە. و دەبێت بەئەندام لەو تیپەدا. هەر لەوساڵانەدا گۆرانی یاران وەسیەتم و شەو تۆمار دەکات لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێماندا، هەر هەمان ئەو دووگۆرانییە پێشتر لەشاخ، لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕشدا تۆمارکراون. لەساڵی ١٩٧٨ چەند گۆرانییەک بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکات. کابان لەماوەی ژیانی هونەریدا چەندین خەڵاتی پێبەخشراوە لەوانە خەڵاتی رێزلێنانی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ –خەڵاتی زێرینی بلە ...

کەریم کابان لەماوەی ژیانی هونەریدا بەهۆی ئەو توانا و سەلیقەیەی کە هەیبووە لەناوبیسەراندا خۆشەویستبووە و گوێگری زۆربووە هەر بەم هۆیەشەوە لەساڵانی کارکردنیدا لەبواری هونەردا چەندین دیداری لەگەڵدا سازکراوە و چەندین وتار لەبارەی بەهرەی هونەری ئەوەوە نووسراوە لە بڵاوکراوەکانی عیراق وکوردستاندا لەوانە لەگۆڤارەکانی بەیان/ فنون/ قیسارە/ کاروان شەقام/ شاکار/ رامان / پێشمەرگە/ خاک/ پەیڤین/ روناهی... لە رۆژنامەکاندا رۆژنامەی ئاڵای ئازادی و کوردستانی نوێ و ئاسۆ و رێبازی ئازادی و رۆژنامەی سیروان و بەدرخان و رۆژی وڵات و الفکر الجدید و رۆژنامەی سەورە و هاوکاری....









# ئەنوەرقەرەداغی: کەریم کابان سیمبولێکی جوان بوو لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی



ئەنوەر قەرەداغی

پ/ مامۆستا کەریم کابانت چۆن ناسی و کارەکانت چیبوون لەگەڵ ئەودا؟

و/ ناسینی کاک کەریم کابان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی شەستەکان. ئەو کات زیاتر لەگەڵ خوا لێخۆشبوو هونەرمەند قادر کابانی برایدا ئاشنایەتیم هەبوو، کە لە رێگای هونەرەوە یەکمان ناسی پاشان کاک کەریمم ناسی. کە بینیم خۆی پێناساندم و گوتی من برای قادرکابانم ئەو وەختە ئێمە گوێمان پێی ئاشنابوو لە رێگای رادیوی بەغداوە هەندێک گۆرانی بەسۆزی هەبوو ئیتر لەوێوە یەکمان ناسی و ئەوەبووە سەرەتای دۆستایەتیمان و بەیەکەوە کارمان کرد. لەتیپی مۆسیقای سلێمانی. دواتر لەساڵی ١٩٧٤ لەشاخ لەپێشمەرگایەتیدا بەیەکەوە کارمان کرد و دوو بەرهەممان تۆمارکرد. لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆرش. ئەو دووبەرهەمە گۆرانی شەو و گۆرانی یاران وەسێتم بوو. تیپی باواجی و برادەرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی کاریان لەوبەرهەمانەدا کرد. ئەو دوو بەرهەمە ئەوکاتە کاک خالید سەرکار ئامادەی کرد و دوایی کە هاتینەوە سلێمانی بەشێوەیەکی باشتر تۆمارمان کردەوە چونکە ئەو کات لەشاخ ئامێری باشی لێ نەبوو. هەرچەندە ئەو کارە رۆحێکی جوانی هەبوو چونکە بەهەستێکی جوان کاریان تێداکرابوو بەڵام کەهاتینەوە شار بەئامێری تازە جارێکی تر هەردووبەرهەمەکەمان تۆمارکردەوە، کە گۆرانی یاران وەسێتم و شەو بوو. دوای ئەوەش بەردەوام بووین لەکارکردن. ئەو ئاوازانەی کە مامۆستا دەیهێنا بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی بەپێی دەرفەت کارمان تێدا دەکرد. من خۆم بەبەختەوەردەزانم کە زۆربەی بەرهەمەکانیم ئامادەکردووە لەچوارچێوەی تیپی مۆسیقای سلێمانی.

پ/ لەچەند بەرهەمی مامۆستادا کارت کردووە؟

و/ ئەوانەی کە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا کراوە بەشداریم تێدا کردووە. بەرهەمەکانی مامۆستا قادر کابانی براشی زۆربەی بەرهەمەکانی من کارم تێداکردووە. جگە لەسێ بەرهەمی نەبێت کە ئەویش لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا بەرهەمی نەهێناوە.

پ/ یادەوەریەکانت چین لەگەڵ مامۆستا کەریمدا لەماوەی ساڵانی کارکردنتدا؟

و/ ئەگەر سەیری کەسایەتی کەریم کابان بکەین لەچەند روویەکەوە باسی دەکەم لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا زۆر خۆشبوو. لەگەڵ منیشدا نێوانمان خۆش بوو پەیوەندییەکی رۆحیمان بەیەکەوە هەبوو و قسە خۆش و سوعبەتمان بەیەکەوە هەیە. لەناو خەڵکدا جەماوەرێکی زۆری هەیە و لەناوخەڵکدا خۆشەویستە لە رووی هونەرییەوە خوا ئەوتوانا و بەهرەیەی داوەتێ کە هەر بە ویراسە دەنگخۆشن و توانایەکی باش هەیە لەئاوازدانانیشدا و لەگۆرانی گوتنیشدا دەنگێکی فێنکی هەیە و مەودایەکی جوانی هەیە کە مۆرکی شاری پێوەیە. دەنگی ئەو مۆرکی سلێمانییە و دەنگ وئاوازەکانی مۆرکی ئەم شارەی پێوەدیارە. مامۆستا کەریم کابان زۆربەسەلیقەیە لە هەڵبژاردنی شیعر و لە لەیەکدانەوەی مانای شیعردا لەگەڵ شیعر و ئاوازەکانیدا ئاوێتە دەبێت. بەرهەمەکانی زۆربە جوانی ئەچنە ناوخەڵکەوە لەبەر ئەوەی شیعرەکانی کە هەڵی دەبژێرێ لەگەڵ ئاوازەکانیدا گونجاون. لەرووی پابەندبوونی لەناو تیپی سلێمانییەوە یەکێک بوو لەو جۆرەهونەرمەندانەی کە زۆر پابەندبووبە موعیدەکانییەوە، کە پێت دەگوت سەعات ئەوەندە کاتی کارکردنمانە رێک لەو وەختەدا دەهات و جێی لەکەس نەدەگرت و بەرێکوپێکی بەرهەمەکەی خۆی پێشکەش دەکرد و پاشان یان دەرۆیشت یاخود لەلایەکەوە بۆخۆی دادەنیشت. زۆربەئیلتیزمەوە ئەهاتە سەر شانۆ ئەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ جەماوەردا دەکات و ئەیزانی چۆن مامەڵەلەگەڵ تیپی مۆزیکدا دەکات بەراشکاوی دەیڵێم رۆژێک لە رۆژان نەمبینی لەکاتی تۆمارکردندا شتێکی نەشاز بکات و لەکاتی پرۆڤەدا هیلاکی نەدەکردین زوو لێمان حاڵی دەبوو ئەگەر شتێکی بۆنەگوترایە بێدەنگ دەهات و بەمنی دەگوت ئەوەبۆوایە و بۆم شیدەکردەوە و بەئاسانی لێم حاڵی دەبوو و بەتەواوی دەچووەناو بابەتەکەوە و ئەم سیفەتەجوانانە وای کرد کەوا سەرکەوتوبێت لەناو خەڵکدا و خۆشەویست بێت.

پ/ کام بەرهەمی مامۆستا کەریم بەلای تۆوە کامڵە و لەهەمووی باشترە و جوانترە؟

و/ بەرهەم نییە کەمو کوڕی تێدا نەبێت و کامڵ بێت. ئێمە لەو کاتەدا بەو ئیمکانیاتەوە کارمان کردووە و ئەوندەی توانیبێتمان کارمان تێدا کردووە. کاتێ کاری تۆمارکردنمان دەکرد هەمووومان بەیەکەوە لەیەک شوێندابووین و هەموو گروپەکە بەیەکەوە دادەنیشتین و ئەگەر هەڵەیەک روویدابا دەبوایە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کارەکە. ئەو گرفتانە هۆکاربوون و کاریگەری هەبووە لەسەر بەرهەمەکان. ئەگەر لەو کاتەدا ستۆدێوی سەردەمییانەمان هەبووایە لەو بڕوایەدام کاری باشترمان دەکرد. ئەو ئاوازانەی کەریم کابان ئاوازی رەسەن و جوانن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و سەلیقە و بەهرەی هونەرمەندخۆی، کە بەبنەماڵە بەهرەمەندن و دەنگخۆشن چ خۆی و چ بنەماڵەکەی و براکانی و هەتا منداڵەکانیان. مامۆستا ئاواز و گۆرانییەکانی هەمووی یادەوەری خۆی هەیە و ئەمڕۆ کە گوێمان لێ دەبێت ئەو رۆژانەمان بیردەکەوێتەوە. بۆ نموونە گۆرانی یاران وەسێتم هەندێک خوێندنەوەی بۆ دەکرا. ئەوکاتە خوێندنەوەی خەڵک بۆ ئەو کارە ئەوەبوو کە دەگوترا بۆ ئەو کەسانە گوتراوە کە نەفی کراون بۆ خواررووی عیراق و من یەکێک بووم لەوانەی کە نەفی کرابووم بۆ خواررووی عیراق و مامۆستا لەسەر شانۆ ئەو گۆرانییەی پێشکەشی من کرد. ئەوەم زۆرپێخۆشبوو و هەستم بەشانازی کرد هونەرمەند سیمبولێکی جوان بوو لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی . تیپیش خزمەتی زۆری ئەو هونەرمەندەی کرد و دەنگی ئەویش گونجاوبوو کە بتوانێ لەگەڵ ئەو گرووپەدا کاربکات. لەناو میللەتانی دونیادا هونەرمەند سمبولێکی جوانە و رێزی لێ دەگیرێت بەداخەوە لەناو ئێمەدا وەک پێویست کاری بۆ نەکراوە. هیوادارم کۆمەڵگا و حکومەت و حیزبەکان ئاوڕ لەهونەرمەندان بدەنەوە ئەمەش لەپێناوی کەلتوری کورد و هونەری کوردیدا.



# کابان خاوەنی هەڵوێستی مەردانەی خۆی بوو



**رەئوف بێگەرد**

کەریم کابانی هاورێ و هونەرمەند لەو دەنگە بەسۆز و ڕەسەنانەیە کە لەسەرەتاوە بە ستایلی خۆی گۆرانی وتوە و ئاوازی داناوە. گۆرانیەکانی لە نێوان فۆلکلوور و شیعری ئەو شاعیرە کوردانەدا بوە کە خۆی ئاوازی بۆ داناون و پاشانیش کەوتوونەتە سەرزاری خەڵکی.

من لە سالآنی پەنجای سەدەی ڕابووردووەوە، بەهۆی ڕادیۆی بەغداوە حەزم لە گۆرانی کابان کردوە. ئەوسا مامۆستایان عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک لە لووتکەی هونەری گۆرانیدا بوون. مامۆستا کەریم کابانییش کە هێشتا وەک ئەوان گۆرانی نەکردبوو بە پیشە و تاکەتاکە گۆرانی تۆمار دەکرد لە هەڵکشاندا بوو. ئیتر بۆ سالآنی دوایی، بە تایبەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە بوو بە یەکێک لە ئەستێرە گەشاوەکانی بواری گۆرانی وتن. بە تایبەتی کە شیعری شاعیرانی گەورە مەولەوی و وەلی دێوانە و ئەحمەد هەردی کرد بە گۆرانی و ئاوازی بۆ دانان، لە شاعیرە لاوەکانییش ئەحمەد مەحمودی هەڵبژارد کە بە شیعری لیرکی ناوی دەرکردوە. دیارە بە هاوکاری کۆمەڵێک لەو هونەرمەندە مۆسیقازانانەی کە لە تیپە پێشکەوتوەکاندا کاریان دەکرد.

ناسینی تەواوم لەگەڵ کاک کەریم کاباندا ساڵی ١٩٧٤ لەناو شۆڕشی کوردابوو. لە ناوچەی ئازادی بارەگاکانمان لە یەکتر نزیک بوو، لەبەرئەوەی خۆم حەزم لە گۆرانی و دەنگی کابان بوو هەندێک جار لە کاتی بێ کاریدا دەچوومەلای. شیعرمان دەخوێندەوە و ئەو لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەوت و بەدوای ئاوازی نوێدا دەگەڕا، جارێکیان لە چێشتەنگاوێکدا کە نیگەرانی هاتنی فڕۆکەکانی عێراق بووین بۆ سەر ناوچەکە، لە نزیک بارەگاکەیانەوە پێکەوە پیاسەمان دەکرد، باسی ئەوەی بۆ کردم دەیەوێت ئاواز بۆ شیعرێکی مەولەوی (گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا) دابنێت. منیش شیعرەکەم باش لەبەربوو. ئەو دێڕبەدێڕ دەیوتنەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئاوازێک سەقامگیر بێت و بڕیاری تۆمارکردنی بدات. لەوکاتەدا و لەناکاو فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقی گەیشتە سەر سەرمان. ئێمە تەواو غافڵ گیربووین، تەنیا ئەوەمان پێ کرا هەریەکەو بەلایەکدا خۆی فڕێ بداتە ناو کەند و شێوەکانەوە. دیارە ئەوە پرۆڤەی ڕۆژانەمان بوو. دوای ماوەیەکی کەم یەکمان گرتەوە و کەوتینەوە پیاسە.

دوای شکستی ساڵی ١٩٧٥ و گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی هەندێک جار یەکترمان دەبینی و بە هەمان گیانی جارانەوە قسەمان دەکرد، لە کۆتایی سالآنی هەشتادا یەک دوو جار یەکمان لە ئەمنە سوورەکە بینیەوە کە بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە هەردووکمانیان بانگ دەکرد. فریای چەند چرپەیەک دەکەوتین و کەم و کورتێک دەمانزانی بۆ چیان بانگ کردووین. کابان هەر پیاوێکی بە ورە و وەک جاران خاوەنی هەڵوێستی مەردانەی خۆی بوو.



# کەریم کابان ئاوازەکانی کەمن، بەڵام زۆر نازدار و خۆشەویستن



**زانا مەحمود هەژار**

لە گەرووی سلێمانیەوە , دەنگێکی پاک و سازگار , کەلە ناخیا عەشقێکی خەمناکی هەڵگرتووە .بۆنی کۆڵانەکانی مەڵکەندی و حاجی حان و کانی ئاسکانی لێ دێت , مەست بوون بە بۆنی ئاوڕشێنی عەسرانی سلێمانی و حەوشەو بەردەرگای خانووە گڵەکان و ئاوێزان لە دەنگ و هاواری منداڵە عەجوولەکانی بەردەرگاو تێکەڵ بە جریوەی پەڕەسێلکەو ئاسمانی پڕ لە کۆلارەی شار , دەنگێک پڕ لە ڕیتمی دەفی فەقێکانی مزگەوت. ئەو دەنگە جوانە وردە وردە تێکەڵ بە دەریایەک لە مۆسیقا دەبێت , کە پڕن لە ئاواز و ڕەسەنایەتی. ئاوازەکان کەمن بەڵام زۆر نازدار و خۆشەویستن , ئەتوانین بڵێین ئاواز و مۆسیقای نەتەوەیین .

ئەتوانم بڵێم کابان و تیپی مۆسیقای سلێمانی یەکتریان بەرز و جوان کردوە , لەو بارەیەوە هەردوولا بەختیان هەبووە.


زۆر جار مرۆڤ کە گوێی لە مۆسیقایەک یان دەنگێکی خۆش ئەبێت , کار لە لایەنی دەروونی و ڕۆحی و سایکۆلۆجی و جوانبینی دەکات .

بەڵام دەنگی کەریم کابان و مۆسیقا و هۆنراوەکانیشی , هەمووی هونەری جوان و بەرزی دنیای هونەری کوردین. گەر بڵێم گەنجینەی مۆسیقای کوردی کەمێک بێ بەشە لە خەیاڵ و هێمنی , یان ڕۆمانسیەت , بەڵام دەنگی کەریم کابان و دەست و پەنجەو میلۆدیەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی تائاستێک گوێ گریان خستۆتە ناو دەریای خەیاڵەوە. گەر لە پاکی و بێگەردی میلۆدیەکانی ئەو بدوێین , ناتوانین بڵێین بە دوورە لە تێک ئاڵان و ئاڵۆسکانی سەردەمیانەو جەنجاڵییەکانی ئەمڕۆی جیهانگیری. ئەو هەڵقووڵاوی خاکی سلێمانی و ئاوی حاجی حان و مەڵکەندی و کانێسکانە , بەبەرگێکی ڕازاوە و سەردەمیانەی تیپی مۆسیقای سلێمانی.

لەجیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا جوانترین بیناو کۆشک و سەنتەرەکان هی دەزگا هونەری و ماڵی هونەر و هونەرمەندە. بەڵام تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەمڕۆ هەر ژوورە بێ ناز و خەمناکەکەی جارانە , تەنها خۆشەویستی خەڵک و خۆمان هێشتوینەتیەوە کەبەرامبەر ئەم هەموو گوێ پێ نەدانە , کاری نوێ بکەین و ئەو مێژووە بەرز و پاکەی تیپی مۆسیقای سلێمانی وون نەکەین کە کەریم کابانیش بەشێکە لەو جوانیە .



# دەنگ خۆشی و هونەری دەنگی کەریم کابان



**خالید سەرکار**

دەنگی مرۆڤ بەتایبەت دەنگی خۆش و بە ئیحساس دەنگێکە کە کاریگەری لەناخی مرۆڤدا بکات. دەروونی بەهژێنێت. دونیای جوانی بۆ والآبکات، ناخی پاک و روون دەکاتەوە لەهەموو کینە و بوغزێک، ئەم جۆرە دەنگە لەمرۆڤەکاندا لە نیعمەتەجوانەکانی خوای گەورەیە کە بەخشیوێتی بە هەندێک مرۆڤ و هەندێکی تر نییەتی، ناکرێت و نابێت هیچ دەنگێک لە دەنگێکی تر بچێت سەد دەرسەد، ئەکرێت بەشێوەیەک لەشێوەکان لەیەکبچن یان تارادەیەک نزیک ببێتەوە. خۆشبوونی دەنگ یان جوانی دەنگ چ بەڕاهێنانی دەنگی و چ بەگۆرانی ووتنی زۆر دروست نابێت بەڵکو ئەم بەهرە و توانایە خۆرسکە و لەگەڵ دروستبووندا پەیدا بووە. بێگومان ئەکرێت دەنگی خۆش و باش بەراهێنانی زانستی موزیکی باشتر و باشتر بکرێت تا جوانترین و باشترین ئەدا بکات. بەلام هیچ راهێنانێک دەنگی ناساز و ناخۆش ناکات بە دەنگێکی خۆش و پڕسۆز و پڕ ئیحساس گەر ئەو موهیبەیە یا نیعمەتە خوا پێی نەبەخشیبێت .

دەنگ خۆشی لای هونەرمەند کەریم کابان ئەم راستییە دەسەلمێنێت، کە دەنگێکی جوان و خۆش و پڕ ئیحساسە، هەستی گوێگر دەبزوێنێت، دەیباتەوە ناو جوانی خەیاڵ و لەناخیدا جێگیر دەبێت.

دەنگی ئەم هونەرمەندە یەکێکەلەو دەنگە دەگمەنانەی کە مێژووی مۆزیک و گۆرانی ووتن ڕەنگە لەسەدەیەکدا تەنها دەنگێک دروست بکات، مێژووی ئەم هونەرە ئەم راستییەی دیاری کردووە، زۆر زۆرن ئەو کەسانەی گۆرانی دەڵێن، بەلام کە من ئەو دەنگانەی جێگای خۆی دەکاتەوە، بوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەمێنێتەوە دەنگی هەموو زەمان و کاتەکانە لەدەروونی ئینسانەکاندا جێگای خۆی هەیە.

کەریم کابان خاوەنی دەنگێکی کوردی ڕەسەنە هەڵقوڵاوی شارە جوانەکەی سلێمانییە هەموو ئەو سیفەتەجوانانەی کەباسم کرد لەدەنگیدا بەدی دەکرێت هەستی پێدەکرێت و دەنگێکی مێژوویییە لەخانەی مێژوو جێگای هەیە کە دووبارە نابێتەوە.

کەریم کابان لە رووی زانستی موزیک و دەنگەوە هیچ زانستییەکی نەخوێندووە و هیچ ئوستادێک پەلی نەگرتووە و حەرفێکی فێر نەکردووەکە خۆزگە وانەبوایە هەروا گۆرانبێژە ڕەسەنەکانی میللەتەکەمان بەگشتی وابوون. دیارە دواکەوتویی بواری رۆشنبیریی و نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ تا بەرجەستەی هەموو تابەت مەندیانە بکات بۆ ئەم بوارە ئەم کەلێنەی خستوتە ناو هونەری گۆرانی و مۆزیک، گەر لەوڵاتێکی پێشکەوتوبوایە گومانم نییە زیاتر و زۆرتر جێگای خۆی دەکردەوە و باشتر و زانستیانەتر پەیامەکەی دەگەیاند، ئیتر تەنها بەهرە و سەلیقەی خۆرسکی خۆی بووە. بۆ وەدەرخستنی توانا و بەهرەی دەنگ خۆشی کەریم کابان بنەماڵەی کاریگەربووە، کە دەزانین دەنگ خۆشێک لەبنەماڵە کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ژیانی هونەری ئەو دەنگخۆشە، بنەماڵەکەیان چەندین دەنگخۆش و هونەرمەندی بواری موزیکیان تێداهەڵکەوتووە، نموونەیان کە زیاتر دیار بێت هونەرمەند قادر کابان ی برای و هونەرمەند جەمال شادان ی بەتوانا لە بواری ژەنینی ئامێرە ڕیتمییەکاندا.

دەنگی کەریم کابان خاوەن ستایلێکی تایبەتە لەگۆرانی وتندا و گۆرانی کوردیدا.. لەهیچ دەنگێکی تر ناچێت و یا کاریگەری هیچ دەنگێکی تری بەسەرەوەنییە، یالاسایی کردنەوەی دەنگێکی تر، تایبەت مەندی شاری سلێمانی زۆر پێوەدیارە، دەنگێکی بەتوانا و پانتاییەکی فراوانی دەنگی هەیە زیاتر لە ئۆکتاڤ و نێو توانای بەرجەستە کردنی تۆنە نزمەکان (Bass)و تۆنە بەرزەکانی لە (Tenor) داهەیە..

زۆربەباشی و زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ووشەدەکات جوانکاری تێدا دەکات و سەرکەوتوانە ئەدای دەکات، زۆربەجوانی میلۆدی و ڕستەموزیکیەکان دەگەیەنێتە گوێگر و قبوڵ دەکرێت.. بۆیە دەتوانم بڵێم زۆرترین گوێگر و عاشقی دەنگی هەیە لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، زۆرینەی جەماوەرەکەی حەز وتام و چێژ لەدەنگی وەردەگرن و دەنگی کەریم کابانیان لاپەسەندو خۆشە، ئەم دیاردەیە زۆرکەمە لەگۆرانی کوردیدا و کۆرانیبێژی تردا. ئیحساسێکی زۆرجوانی هەیە لەکاتی گۆرانی گوتندا، ئەدای میلۆدو وشەو هۆنەراوە تێکەڵ بەناخی دەبێت بەسۆزێکی گەڵێک جوان دەری دەبرێت، یەکێک لەو هونەرمەندە گۆرانبێژانەی جوانترین (تعبیر )دەکات بەدەست و بەلەش و بەروویەوە، ئیشارەتەکانی پڕمانایە، زۆر رستگۆیانە تعبیر لەناخی دەکات دوور لەئیسحساسی بێتام و کاڵ و کرج و بێمانا. سۆزی دەنگی ئەم هونەرمەندە ئەمەندە بەجۆش و خرۆشە دوای گوێبیستنی گۆرانییەکانی ئەتباتە دونیای جوانی هونەر و جوانی خەیاڵ و ئەندێشەو جوانی ئەدا کردن. بەمانای وشە ئەتباتەدونیای (تەرەب)کە زۆر کەمن ئەو دەنگانەی ئەم سیفاتانەی تێدابێت.

هەرچەندە ژمارەی گۆرانیەکانی کەمن لەچاوتەمەنی هونەریدا، بەلام پووختەن، شاکارن، نەمرن، بوونە سمبولی جوانی لەگۆرانی کوردیدا، کە دڵنیام شێوازی دەنگی کەریم کابان و ئەداکردنی دەبێتە قوتابخانەیەکی تایبەت ئەداکردن، کە دوارۆژدووربێت یان نزیک کاری هونەری و توێژنەوە و نووسین و شیتەڵ کردنی زانستیانەیی بەرهەمەکانی دەبنە کەرەستە وبابەت لە پەیمانگا وکۆلێژە هونەریەکاندا بخوێنرێت، خوێندکاران لێی سوودمەندبن، ئەوکاتە زیاتر جوانی هونەری گۆرانییەکانی لای خەڵکی دەردەکەوێت، هێشتا لای ئێمە گۆران وتەنی: دیارە قەدری سنعەتکار لەناو قەومی بەسیتا وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناوحوزێکی لیخندا!!

کەریم کابان وەک ئیشارەتم پێدا زۆر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ وشە و هۆنراوە دەکات لەگۆرانییەکانیدا، دەیگەڕێنمەوە بۆ سەلیقە و کارامەیی خۆی کە ئەم سیفەتە زۆر کەمە لەناو زۆرینەی گۆرانبێژاندا، زۆربەسەلیقە و جوانی هەڵبژاردەی شیعر دەکات بۆ گۆرانی وتن، شیعرێک دەستنیشان دەکات ئیحساسی بجوڵێنێ و کاریگەری لەناخیدا دروست بکات، دیارە خۆی عاشقی شیعر و شاعیران بووە وەک لەنزیکەوە دەزانم زۆر لەشیعری شاعیرە ناودارەکلاسیکییەکوردەکانی لەبەربووە، شیعرناسی یەکێکە لەسیفەتەکانی، زۆرجار لەمەجلیسی ئەدەبی و شیعر و گۆرانیدا گەر شیعرێک بەتایبەت کلاسیک بوترایە هەر زوو کەریم کابان شاعیرەکەی دەناساند، زۆر حەزی لەوەبوو هەموو قەسیدەی شیعرەکە ئاوازی بۆ دابنێ و بەگۆرانی ئەدای بکات بەبێ بچڕان و بەش بەشکردنی با ماوەی کاتی گۆرانییەکە درێژبوبێت، رای وابوو نابێت مانای شیعری ئەو قەسیدەیە تێکبچێت بەهەڵبژاردنی چەند بەیتێک لەو قەسیدەیە، بۆیە چەندین گۆرانییەکانی دوورودرێژن، کەچی هەست بەوکاتەناکەیت و دەتباتەدنیای ئەدا کردن.

دیاردە و توانایەکی تر لەم هونەرمەندەدا ... توانایەکی باشی هەیە لەبواری ئاوازداناندا کە ئێمەی موزیسیان و یا کەسانی شارەزا و پسپۆر دەزانن ئاوازدانان بەهرەیە و کەمن ئەوانەی لەم بوارەدا سەرکەوتوون، یا ئاوازی جوان دابنێن .

کەریم کابان زۆرینەی گۆرانییەکانی لە ئاوازی خۆین، تەنانەت ئاوازیشی بۆ گۆرانبێژانی تر داناوە، نمونەم گۆرانیە مەشهورەکەی (قادرکابان) (جادەچۆڵ وسێبەربوو) لەهۆنراوەی گۆرانی شاعیرە، سەرەرای نەزانینی لە ئوسوڵی ئاوازوان و تەئلیفدا کەحەرفی هیچ مەکتەبێکی هونەری موزیکی نەخوێندووە، بەلام بەهرە و سەلیقەی خۆی ئەم توانا جوانەی پێبەخشراوە، جوانترین نموونەم (ئاوازی گۆرانی شەو، یاران وەسیەتم، گیانە لەپرخەی خەوی خاومدا). کەچەند بەجوانی و ئیحساس و سۆزەوە مامەڵەی لەگەڵ هۆنراوەکەدا کردووە، رستەی موزیکی بەهێز و بەتوانای بۆ داناوە، هەڵبژاردەی گونجاو تەواوی پڕبەمانای شیعرەکە لەمەقامەکاندا بۆ کردووە و یاجاری واهەبووە نەک تەنها یەک مەقام بەڵکو مەقامی تری لەیەک ئاوازدا بەرجەستە کردووە بێ ئەوەی لە سیستمی زانستی تەئلیف و ئاوازدانان دەرچووبێت، دیارە ئەم توانا و بەهرەیە کەم روو دەدات لە ئاواز داناندا:

چەندین سکێڵی مەقامە کوردی و ڕۆژهەلاتییەکانی بۆ ئاوازدانان بەکار هێناوە وەک سکێڵی مەقامی (کورت- عەجەم- بەیات- سێ گا- حیجاز- حجازکار- نەهاوەند...) کەریم کابان نەک هەر لە ئەدای بەستەکاندا سەرکەوتوبووە بەڵکو لە ئەدای مەقامەکانیشدا سەرکەوتووبووە توانای ئەدا و وتنی مەقامە رۆژهەلاتییەکان بەگشتی و مەقامەکوردییەکان بەتایبەتی بەباشی بووە.

کەریم کابانی هونەرمەند ئەندامێکی کارای تیپی مۆسیقای سلێمانییە: هەمیشە خۆی بە قوتابی و خوێنکاری قوتابخانە هونەرییە گەورەکەی تیپ









زانیوە و شانازەی پێوەکردووە. هەمیشە پابەندی ڕێنمایی و یاسا و بۆچوونەکانی مۆزیسیانەکانی تیپ بووە، پەیوەندی دۆستانە و خۆشەویستی لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە بەستووە خۆشەویست بووەلای ئەندامان و ئەوانیش تەواو ڕێزیان لێ گرتووە چونکە لەناو تیپدا کەسایەتییەکی ڕۆح سوک و هێمن و قسەخۆش و بەرێزبووە:

گۆرانییەکانی کەریم کابان بەبۆچوونی من بەدوو قۆناغدا تێدەپەڕێ و پۆلێن دەکرێت:

قۆناغی یەکەم / ئەو گۆرانییانەبوو کە کاتێ کەریم کابان لەخوارووی عێراق ژیاوە و لە ڕادیوی کوردی بەغداد تۆماری کردوون وەک گۆرانی (بەری بەیانە، بڵێن بەیار، لەمابینی گوڵ و گوڵزار ...) کەتیپی مۆسیقای ئێزگەی ڕادێوی بەغداد/ بەشی کوردی تۆماریان کردووە کە ئەندامانی ئەو تیپە زۆرینەیان لە ڕەگەزی عەرەب بوون و هەندێکیان نابینابوون، شارەزای زانستەکانی موزیکیان بەوجۆرەنەبووە چ لە رووی پێشەکی موزیکی ودابەش کردن و زانستی هارمۆنی و زۆربەسادە و ساکارانە ژەنینیان بۆکردووە. کە تام و چێژی ڕەسەنی کوردی تێدا نییە، دەنگی کەریم کابان لەلایەک مۆسیقاش لەلایەکی تر..

دوورلەیەک تەنها دەنگی زوڵاڵ و خۆش و ڕەسەنی کەریم کابان و ئەدای جوانی بەگۆرانییەکان داوە، بەڵام لە ڕووی هونەرەی موزیکەوە لاوازە، لەم قۆناغەیدا کەریم کابان زۆر شوهرەت و نابانگی نەبووە تەنها ناوی لەکوردستانی باشوور یان تەنها شاری سلێمانی هەبووە.

قۆناغی دووەم/ لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە پیوەندی کرد بەتیپی مۆسیقای شۆڕش لە شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٤، کە هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و چەند هونەرمەندێکی شاری هەولێر و دهۆک ئەو تیپەیان پێک هێنابوو...

کەریم کابان بەدوو گۆرانی بشداری کرد کە ئاوازەکەی خۆی دابنابوو گۆرانییەکانیش گۆرانی (شەو، یاران وەسیەتم)بوو، زۆرم لاپەسەندو جوان بوو برادەرانی تیپ داوایان لەمن کرد کە ئامادەی بکەم بۆ تۆمارکردن ئەوەبوو ئامادەم کرد و پێشەکی موزیکم بۆ دانا بەوتوانا و ئیمکانیەتەی لەبەردەستماندانابوو لەڕووی نەبوونی ئامێری تۆمارکردنی باش یا ستۆدیۆی هونەری بەشێوەیەکی سادە و بەڵام ژەنینی بەتوانا تۆمارمان کرد، و لە ئێزگەی دەنگی کوردستان بڵاوکرایەوە کە تەنها کەناڵی ڕاگەیاندن بوو.. هەر زوو ناوبانگی ئەم دوو گۆرانییە بڵاوبووەوە و جێگای خۆی کردەوە لەدڵی بیسەرانیدا و شوهرەتی هەموو لایەکی گرتەوە، دوای تەواوبوونی شۆڕشی کورد و هەرەس هێنانی، باڵی خەم و پەژارە هەموو خەڵکی کوردستانی گرتەوە، نائومێدی باڵی کێشابوو، خەڵک دڵشکاو مەئیوس بوون، ئەم دووگۆرانییە ئەتوانم بڵێم تا رادەیەکی باش تەسکینی دڵ و ڕۆحەکان بوو، هیوا و گەشبینی دایەوە بەجەماوەری کورد پێش گەڕانەوەمان بۆ ناو شاری سلێمانی ناوبانگی ئەم دوو گۆرانییە پێش ئێمە کەوتبوو بەزاری خەڵکەوە بوو پێش هاتنەوەی کەریم کابان، دووگۆرانییەکەی هاتبووەوە. خەڵک تامەزرۆی بوو. بۆیە تیپی مۆسیقای سلێمانی بریاری دا بەتۆمارکردنەوەیان لەناو ستۆدیۆی تیپ بەهەمان پێشەکی مۆزیکی و ئامادەکردن بەڵام ئەم جارە دابەشکردنی جوانی ئامێرەکانی بۆ کرا کە هونەرمەند ئەنوەرقەرەداغی بۆی کرد، و ژەنیارانی بەتوانای تیپەکە بە (SOLO) جوانەکانیان، چەندین ئەوەندەی تر ڕازاندیانەوە و جوانیان کرد، سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا و کەریم کابان و دەنگی چوونە قۆناغێکی ترەوە، قۆناغی ناوبانگ و شوهرەت و گشت گیری لەهەموو کوردستان ئەتوانم بڵێم وەرچەرخانێکی هونەری گەورەبوو لەژیانی هونەری کەریم کاباندا، جوانترین باشترین و بەهێزترین گۆرانییەکانی کەریم کابان لەم قۆناغەدا بووە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا کەچەندین گۆرانی سەرکەوتو چ لە ڕووی ئاواز و چ لەڕووی دابەش کردنی موزیک و یا ژەنین و تۆمارکردنی دەنگی و ڕەنگی و بەکلیپ کردنیان زیاتر و زیاتر هونەری دەنگی کەریم کابانیان ناساند بەعاشقانی دەنگی لەسەرتاسەری کوردستانی گەورە و ئەو کوردانەی لە هەندەران دەژین. باشترین نموونەمان بۆ ئەم وەرچەرخە هونەریانەی کەریم کابان ئەو کۆنسێرتانەبوو کەلەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەنجامی دا لەشارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت لەشاری سنە. کەتەنها دەرکەوتنی کەریم کابان لەسەر شانۆ یا لەشەقام و پارکەکانی ئەو شارە ئەوندە عاشقانی دەنگی لێ کۆ دەبوونەوە و دەوریان دەدا بە ئەندازەیەک لەخۆپیشاندانی جەماوەری دەچوو، کە بەتەواوی مەترسی لای پیاوانی ڕژێم دروست کردبوو، ئابەمجۆرە دەنگی ڕەسەن جێگای هەیە لەدڵ و دەروندا. هەواداران و عاشقانی پەپولە ئاسا بەدەوری گوڵ، ئاوا دەوری دەدەن تامەزرۆن لە نزیکەوە بیبینن، وێنەی لەگەڵ بگرن، گوڵی وەفاداری بدەنێ.. ئەم نووسینەی من کورتەیەکە لەباسکردن و ناساندنی هونەری دەنگی کەریم کابان کە هەرگیز قەڵەم بەنووسینی ناتوانێ مافی تەواوی بداتێ و لەهەموو بوارەکانی ئەم هونەرمەندە بڵێ و بنووسێت..

کەم تا زۆر هیوادارم توانیبێتم تیشکێک بخەمە سەر خەرمانی هونەری خۆشی دەنگی کەریم کابان.



# هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا کەریم کابان








**سالار مەحمود**

من پێم وایە مامۆستا کەریم کابان یەکێکە لەکۆڵەکەکانی هونەری کوردی. ئەم هونەرمەندەمەزنە دەنگ خۆش و بەهرەمەندە لەماوەی ساڵانی کارکردنیدا لەبواری هونەری گۆرانیدا توانی خزمەتێکی زۆربەهونەری بکات. لەچەند روویەکەوە، یەکەم بەدەنگە خۆشەکەی، دووەم بەئاوازە جوانەو خۆش و ڕەسەنەکانی، سێیەم بەوشێوازەتایبەتەی خۆی کە ئەتوانم بڵێم شێوازێکە کە گوێمان لەو جۆرەستایلە ئەبێت ئەتوانین بڵێین هی ئەو مامۆستامەزنە خۆیەتی، واتە خاوەنی ستایلی خۆیەتی. کەبەو شێوازە جوان و ڕەسەنەی خۆی ساڵانێکی زۆر خزمەتی بەهونەری کوردی کردووە.

ئەم هونەرمەندە مەزن و گەورەیە یەکێکە لەمامۆستا بەتواناکانی هونەری کوردی. ئەستێرەیەکی درەوشاوەی هونەری کوردییە، ساڵانێکی زۆر بەگۆرانی و بەئاوازە جوانەکانی ئەوەوە لەگەڵ هونەری مۆزیکی کوردیدا ژیاوین و یادگارییەکی زۆرجوان و شیرینی لەلامان دروستکردووە و گۆرانی و ئاوازەکانی وەک کۆمەڵێک بەرهەمی رەسەن هەتاهەتایە بەنەمری دەمێنێتەوە. هیوای لەش ساغی و تەندروستییەکی باشی بۆ دەخوازم.

# مامۆستا کەریم کابان دەنگێکە لەناخی ڕوحەوە




**بەهجەت یەحیا**

زۆر کەس گۆرانی دەڵێن بەڵام کەم دەنگ هەیە لەدەرگای دڵمان بدات و بەناخی ڕوحماندا ڕۆبچێت، کەم دەنگ هەیە ببێتە هاوڕێمان و یادگاریەکانمان بهەژێنێ ، گۆرانی زۆرهەیە، بەڵام ئەو گۆرانیانەی کە دەبنە ناسنامەی نەتەوەیەک کەم ودەگمەنن، دەنگی مامۆستاکەریم کابان دەنگێکی پاک و پڕ سۆزو ڕۆمانسیە، وەک دار سنەوبەرەکانی گۆیژە چواروەرزە سەوزو هەمیشە گەنجە، کاتێک کەسێک گوێبیستی گۆرانیی ((قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو))دەبێت، هەست بەهەموو ئەو ئازارانە دەکات کەبەر ئەم نیشتیمانە کەوتوون، گۆرانیی یاران وەسیەتم دنیایەک میهرو وەفامان نیشاندەدات، کە گوێبیستی ((گیانەلەپرخەی خەوی خاوما پێبنێ وەبان هەردووچاوما)) دەبین وانەیەک لە خۆشەویستی و لەخۆبوردنمان پێ دەبەخشێت لەناو تابلۆی گۆرانیی ((ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم))دا، هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش بەدی دەکەین، هەر وەک گۆران بۆ دەروێش عەبدوڵای نوسیوە ((لەسیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش وەهادیارە کە بەجت ئاشیانی بولبولی جەم بێ)) مامۆستا بەهرەی ئاوازدانانی هەبوەو بەرهەمەسەرکەوتوەکانی، کە ئاستێکی هونەریی بەرزیان هەیەئاوازی خۆین، ئاوازەکانی تایبەتمەندێتیەکی تەواویان هەیە بەدەنگ و سەدای خۆیەوە و بون بە قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی، بێجگە لەوەش وک لایەنی تەکنیکی ئاوازدانان هەست ئەکەین مامۆستا شارەزاییەکی تەواوی بەکارهێناوە بۆ نموونە گۆشەی یەکەمی ئاوازەکانی لە تیتراکۆردی یەکەمی مقامەکاندایەو گۆشەی دووهەمی ئاوازەکان لەتیتراکۆردی دووەمی مقامەکاندایە، مانای هەموودەنگەکانی پەیژەی مۆسیقاکەی

بەکارهێناوە کە ئەکاتە هەشت دەنگ، چونکە زۆر جار گوێمان لە گۆرانی دەبێت کەلەدوو تا سێ تۆن یان ئەوپەڕی چوار تۆن تێپەڕناکات، بەڵام مامۆستا ئەو ڕێچکەیەی شکاندوەو هاتوە زۆر بەشێوازێکی جوان و مۆدێرن ئاوازی زۆر جوان و ڕەسەنی پێ بەخشیوین، سەبارەت بەهۆنراوەی گۆرانیەکانی هەستێکی زۆر جوان و ناسک بەدی ئەکەین و سەلیقەیەکی گەورە لە هەڵبژاردنی هۆنراوەدا، ئەگەر زۆر بەوردی گوێ لە گۆرانیەکانی مامۆستا بگرین هەست ئەکەین کە تەنها ئەو هۆنراوانەی وتوە کە زۆر دانسقەوپڕمانان و پەیامێکی مرۆڤ دۆستانەی پڕ لە خۆشەویستیان لە ئامێزگرتوە، بێجگە لە هەموو ئەو جوانیانەی کە باسمانکرد، جاران ئەو کەسانەی لە بواری هونەردا کاریان دەکرد گرفتی کۆمەڵایەتیی گەورەیان بۆ دروست دەبوو، ئەو سەردەمە هەروا ئاسان نەبووە کەسێک بە ئامێرێکی مۆسیقاوە بە کۆڵانێکدا گوزەرکات یان کەسێک گۆرانیی بگوتایە.

هێشتا هونەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێێ خۆی بەتەواوەتی دانەکوتابو نە لەبواری شانۆ و نەلەبواری نیگارکێشی و نەلە بواری مۆسیقادا، کارکردن لەبواری هونەریدا بۆ خۆی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بو سەرەڕای خزمەتکردن بەفەرهەنگ و هونەر، لایەنێکی زۆر جوانی مامۆستا کەریم کابان بێجگە لە هونەرەکەی ئەوەیە کە هەتا بڵێی کەسێکی خاکی و سادەیە کەئەوش بەڕای من جوانترین ئاکارە بۆ هەر مرۆڤێک.



# کەریم کابان: مۆرک و ناسنامەی گۆرانی نوێی کوردی



**عادل محەمەد کەریم**

کەریم کابان ئەو گۆرانیبێژە هەست ناسکەی گەلەکەمانە کە لە قوتابخانە پڕ میهرە کەی دایکی نیشتیمان و لە گەنجینەی لە بن نە هاتووی کلتوری گۆرانی و مۆسیقای نەتەوەکەیەوە سە رچاوەی گرتوە، کوردوستان و شاری سلێمانی جێ ژوانگەی هەواری عەشقی کەریم کابانە، بۆ هونەری گۆرانی و ناخی عاشقێک چە ندە راستگۆ و بە کە فوکوڵە بەرامبەر دولبەرە پەری نازدارەکەی، کەریم کابان هاوشێوەی ئەو عاشقە بێ سەر و شوێن و وێڵەیە بەرامبەر بە ئاوازە ئەفسوناویەکانی و چڕینی گۆرانیەکانی، ئەوەتا کوچە و کۆڵانەکانی سلێمانی و کۆبونەوەی کوڕ و کاڵی نێو گەڕەکەکانی ئەم شارە لانکەی لە دایکبون و چڕینی گۆرانی بون بۆی، ئەوەتا خۆی ئاماژە بەوە دەدات کاتێ لە دیمانە یەکیدا دەڵێت (لە بیرمە کە منداڵ بووم کوڕو کاڵی گەڕەک کۆئەبوینەوە هەموو ڕابواردنی شەوانمان ئەوەبوو کە بە گۆرانی ووتن ئەگەڕاین بە کۆڵانەکانی گەرەکی خۆماندا لە سلێمانی.

ئەمە بەیەکەمین دەستپێکی کاک کەریم دادەنرێت بۆ هاتنە ناو دنیای هونەر، دیارە کە گۆرانی ووتوە دەنگی ئەم دیاربووە بۆیە ئەم بۆتەسەرقافڵە هاوڕێیانی، هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە کاتێک قوتابی بوە لە قوتابخانە. لەو قوتابیانە بووە کەهەمیشە لە گۆرە پانی قوتابخانە هێنراوەتە دەرەوەو سرودی (براینە لە خە و هە ڵسن بە یانەو ) سرودە نیشتیمانیەکانی تری چڕیوە، هەروەها لەسالانی ١٩٤٢بۆ ١٩٤٣ زوربەی جار لە ئیستگە ناوچەییەکەی سلێمانی گۆرانی ووتوە ئەو کاتە ئەو ئیزگەیە کە دامەزراوە لە بەردەرکی سەرای شار دانیشتوانی شاری سلێمانی لەم بەر و ئەو بەری جادەکە دانیشتون تا گوێبیستی گۆرانی و بەرنامەکانی ئەو ئێستگە ناوخۆییە ببن، وادیارە ئەمە سەردەمی پێش هاتنی رادیۆیە بۆ شار (ئە م ئیزگەیە بریتی بوە لە جیهازێکی ئێمپلی فایەرو چە ند موکە بەرەیەکی دە نگ کە لە چەند جێگەیەکی گونجاوی بەردەرکی سەرادا دانراون تاخەڵکەکە بە ئاسانی گوێبیستی بەرنامەکان ببن. مامۆستا کەریم بەم شێوە هاتۆتە ناو دنیا بەرینەکەی هونەری ساز و ئاواز. لە ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ چۆتە ئیزگەی بە غداو لەوێ رۆژانی هەینی تەرخانکراوە بۆ گۆرانیبێژانی کورد کاک کەریم وەک دەڵێت : بە زیندوی و واتە راستەوخۆ لە وێش چەندین جار بە شداری کردووە و گۆرانی چڕیوە. ئەمانە هە موی فاکتەری سەرهەڵدانی هونەری کاک کەریم بوون کەدوای لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان تەواو ئاسۆی بیری ئاوازدانانی مامۆستا پەرەی سە ند و ئاوازەکانی وەرچەرخانێکی میژۆی بوو بەبەراوورد بەو ئاوازە میلی و فۆلکلۆریانەی کە باو و بڵاوبوون، دیارە هۆکاری تریش هەبون لە وانە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای مەولەوی دوایش لە ساڵی ١٩٦٧ وە تیپی مۆسیقای سلێمانی کە هەریەکە لەم دووتیپە لە سەردەستی چە ند هونەرمەنێکی ژەنیاری لاوی شاری سلێمانی دروست ببون کە بەوپەڕی توانایانەوە دەروێش ئاسا کاریان کردووە و بەهەوڵ و تە قەلای ئەمان رەوتی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی نا و چە قی نەبەست لەو قاڵبەی کە پێشتر تیایدا بوو.

کاک کەریم دەرچوی هیچ دامەزرا و ناوەندێکی هونەری نیە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا خاوەنی دەنگێکی بێ خەوش و بێگەردی مۆسیقی پاکە و ئاوازە بەرهەمەکانی بە پەنجەی دەست ئەژماردەکرێت، بەڵام کورد ووتەنی (کەم و پوختە نەک زۆرو بۆر) هەربەرهەمێکی کێویێکە لە خەرمانی پڕ بەرەکەتی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی ئە مرۆمان، کاک کەریم لەکاتی چڕینی گۆرانیدا پەپولە ئاسا دەفرێت و لە دونیای واقیع دەردەچێت و ئەدا لە شەقەی باڵی فڕین بۆ دنیای ئە فسوناویەکەی خەیاڵی شاعیر بەوپەری راستگوییەوە بە جوڵە جوانەکانی جەستەی هەر لە جوڵەی ( چاو برۆ پەنجەو دەست و لەش و لاری............)هەموی تێکەڵ دەبێت تا بتوانێ بە جوانترین شێوە سەرنجی گوێگر رابکێشێت بەرەو دونیای جوانی هونەری گۆرانی. لە سیما ناوازەکانی کارە هونەریەکانی هونەرمەند کاک کەریم خاوەنی ستایل و شێوازی خۆیەتی واتە گۆرانی و ئاوازەکانی لە ئاواز و گۆرانی کەسی تر ناچێت , لایەنێکی تری هۆکاری شاراوەی سەرکەوتنی هونەرمەندی گۆرانیبێژ هەڵبژاردنی هۆنراوەی گۆرانییەکانیەتی کە کاک کەریم لەم ووردەکاریە بێبەش نیە و زۆر شارەزایانە هۆنراوەی بۆ گۆرانیەکانی هەڵبژاردووە، لە رووی تەکنیکی هونەریەوە ماوەی میانەی ئاوازەکانی لە نیوان تۆنی گڕی خوارەوەی لە گەڵ تۆنی تیژی سەرەوە لە میانەی پێنجی تێدەپەرێت و زۆرجار دەگاتە زیاتر لە ئۆکتاف واتە هە شت دەنگ زیاتر جگە لەمە لەئاوازەکانیدا گۆڕانکاری پەیژە و مەقامەکان بە دی دەکەین جگە لە مانە پیانۆو فۆرتی و کریشاندۆ و دیمیناندو و چە ندین دینامکیەتی تر و تەکنیکی تر لە دەنگیدا دەبینرێتەوە...ئەمەیە کە دەڵێین هونەرمەند دەرچوی هیچ فێرگەیەکی هونەری نیە بەڵام بە بەرجەستەکردنی ئە و تەکنیکە هونەریانەی کە ئاماژەمان پێدا دەتوانین بڵێین کە لەزۆربەی زۆری ئەوانەی کە خاوەنی بر□وانامەی زانستین و دەرچوی فێرگە هونەریەکانن باڵاترە.

کاک کەریم وە نەبێ شارەزای چڕینی مەقام نەبێت، بەڵام بەرهەمی تۆمارکراوی چڕینی مە قامی نیە، هۆکاری ئەمەش هەروەک لە خۆیم بیست ووتی من زۆر گوێبیستی مەقام بێژان بووم لە کورد و لە عەرەب و فارس بەڵام نامەوێ شتێک بڵێم لەمەقامبێژە ناودارەکان کەمتر بێت.. ئەم وەڵامە بەلای منەوە ئەوە دەبەخشێت واتە مامۆستا هاوشێوەی بەستەی گۆرانیەکان ئاگای لەمەقامەکانیش بوو، بەڵام لە خەمخۆری و پەرۆشی بۆ چۆنێتی چڕینی مەقام مەقامی نەدەچڕی. بۆ یەکەم جار لە چەشنواری مۆسیقا لە شاری سنە گوێبیستی هونەرمەند بووم کە مەقامێکی زۆر جوانی چڕی کە جێگای سەرنجی ئامادەبوان و تەنانەت زۆرێک لە ژەنیارانیش بوو بە خۆشمەوە بۆیە دەڵێم ئە گەر مامۆستا خۆی لە قەرەی چڕینی مەقامیش بدایە زۆر وەستایانە و لێهاتوانە میراتێکی هونەری بەرزی بۆ تۆماردەکردین.

یەکێکە لەبەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی

گۆرانی شەو

هۆنراوەی شیخ نوری شیخ صالح و احمد هردی

ئاوازی کریم کابان

ناوی گۆرانیبێژ کریم کابان

ئامادەکردنی مۆسیقا خالد سرکار

حەزم کرد هونەریانەتر لەم دەرفەتەدا (کە جێگەی دەستخۆشیە و هیوادارم کە هەنگاوی تری بە دوادابێت بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکانی ئەم کەڵە هونەرمەندەی نەتەوەکەمان) و هونەرمەندانی تری هاوشێوەی مامۆستا کەریم کابان . سەرنج و لێکدانەوەیەکی خێرا بۆ یەکێک لەشاکارە جوان و ناوازەکانی هونەرمەند کەریم کابان بکەم کە ئەویش گۆرانی (شەوە)

A

–

B

C

D

E

F

*=ڕەگەزەبەکارهاتوەکان:

ڕەگەزی بنەڕەتی ئاوازی شەو بریتیە لە پەیژەی یان مەقامی (کرد)لە سەر تۆنی (ڕێی) هەروەها ڕەگەزێکی سەرپێیش عەرەزی بەکارهاتوە کەبریتیە لە پەیژەی یان رەگەزی یەکەم لە مەقامی عەجەم لەسەر تۆنی (فای یەکەم):

– پەیژەی بنەڕەتی گۆرانی شەو ( کرد) ە لەسەر تۆنی ( رێی یەکەم تا ڕێی دوەم) :

*– دەستنیشانکردنی (تۆنی سەرەتا و تۆنی کۆتاو تۆنی ناوەندی )ئاوازی رستەی میلۆدیەکانی گۆرانی شەو

| ئاوازی رستەکان | تۆنی سەرەتا | تۆنی ناوەند | تۆنی کۆتا |
|---|---|---|---|
| A | لا١ | فا١ | لا١ |
| B | صول١ | ری١ | ری١ |
| C | دو٢ | ری١ | ری٢ |
| D | میبیمول ٢ | فا٢ | فا٢ |
| E | فا٢ | ری١ | ری١ |
| F | صول١ | ری١ | ری١ |

ئەمە بەشێکی کەمە لە سەرەتای شیکردنەوەی گۆرانی ( شەو) دیارە بۆ دیاری کردنی ئەدگارەکانی تری ئاوازی ئەم گۆرانیە و نیشاندانی سیماکانی تری پێویستی زیاترمان بە هەندێ لایەنی تری شیکردنەوە دەبێت لەوانە ڕێژەی دروستبونی میانەکان و شیکردنەوەی ڕیتم و مەتریکا و شیکردنەوەی برگەی ووشەی هۆنراوەی گۆرانیەکە و هەندێ هێڵکاری تر و چۆنیەتی مۆسیقای پێشەکی و مۆسیقای هاوشانی کاتی گۆرانی و زۆر شتی تر.

لەڕێگەی ئەم شیکردنەوانە و جۆری تری شیکردنەوەکان دەگەین بەوەی کە بتوانین بە بەڵگەوە و بە شێوازێکی زانستیانەی ڕوون قسەبکەین لە سەر ئاوازە کوردیە کانمان.

دیارە ئەم ئاوازە یەکێکە لە ئاوازە دیار و ناسراوەکانی هونەرمەند کە پێگەیەکی تایبەتی لە مۆسیقا و گۆرانی کوردی نوێماندا هەیە و هەرکاتێک کە گوێبیستی دەبین من دڵنیام لە کاتی خۆی و بە ئێستاش و لە ئایندەشدا کاک کەریم بەم ئاوازەی گوێگرانی ستایشی دە کەن و هەمیشە دەنگە پڕ میهر و ناسکەکەکەی زیندوو لە ناو دڵ و دەرونماندا دەمێنێتەوە و ویژدانمان قەرزارباری کاک کەریم دەکات، چونکە دەنگە ئەفسوناویەکەی راستەوخۆ موخاتەبەی ویژدانمان دەکات و دڵەکانمان پێی ئاودەخواتەوە و مرۆڤ بەرەو ئاسودەی و شادمانی دەبات. ئەوەشمان بیر نەچێت کە کاری ئامادەکردنی مۆسیقاکەش هۆکار و فەکتەرێکی بە هێزی تری سەرکەوتنی ( گۆرانی شەوە )کە بێگومان مامۆستای هونەرمەند (خالید سەرکار) بەو پەری راستگۆیەوە مامەڵەی لە گەڵ رستی ئاوازی میلۆدیەکەدا کردوە و تەواو لە ناخەوە لە ئاوازەکە تێگەیشتوە بۆیە توانیوێتی مۆسیقایەک ئامادە بکات کەلەئاستی ئاوازەکەکەمترنەبێت، هەروەها برایانی ژەنیاریش لە تیپی مۆسیقای سلێمانی کەبەوپەڕی هە ست و ویژدانەوە کارەکەیان ڕاپەراندوە و هەروەها کاری تۆمارکردنیش کە ناکرێ باس نەکرێت کە مامۆستا ئەنوەر لەوکاتەدا نەفی بوە لە شاری سەماوە کە گەڕاوەتەوە ئینجا ئەم بەرهەمە تۆمارکراوە، ئەمانە هەموی هۆکارن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمێکی هونەری گۆارنی و مۆسیقا بە پێویستم زانی کە ناوی ژەنیارانی بە شداربوو لە تۆمارکردنی ئەم بەرهەمە قەشەنگە بخەمە روو بۆ ئەم مە بەستە پەیوەندیم بە مامۆستا خالید سەرکارەوە کرد وتی ئەم بەرهەمە لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٧٤ دا تۆمارکراوە ئەوەی لەبیرم مابێت لە بەشداربوان ئەم بەڕێزانەن ( ئامێری کەمانەکان ئە نوەر قەرەداغی- خالیدسەرکار- فەڕەنسیس داود- سەلاح رەئوف- دلێرابراهیم — فەرەیدون دارتاش — فوئاد قەرەداغی، ئامێری چەلۆ عوسمان محمد ئەمین، ئامێری عود حسین علی، ئامێری ئۆکۆردیۆن ئەلبێرت عیسا- فەرید عیسا، ئیقاع جەمال کابان- نوری قەرەداغی مامۆستا خالید ئاماژەی بەوەشدا کەرەنگە هەندێ ژەنیاری تریشیان لە گەڵ بوبێت، بەڵام ئەم تەنها ئەوەندەی لە خەیاڵە ووتی داوای لێبوردن لەوانە دەکەم کە ڕەنگە بیرم چوبن.

سەرچاوە:

١- کەریم کابان: چەند بەسەربردەیەک، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٧٩، لاپەڕە ٦١.

٢- دیداری تایبەتی نووسەر لە گەڵ خالید سەرکار .

# کەریم کابان و تەمەن



ئەحمەد محەمەد

منداڵ بووم لەساڵەکانی حەفتادا، کە گوێم لە دەنگی مامۆستا کەریم کابان دەبوو، هەستم ئەکرد ئەم دەنگە جاویدە لەگەڵ خۆیدا پەلێکشم دەکات بۆ ناو نەوا و سەدا و ئاوازێک کە هەستی خودی منداڵانەی خۆشم نەیدەتوانی گوزارشت لەو دەنگە ئارامبەخشە بکات، تەنها ئەوە بوو وەک منداڵێک کە پێم دەنایە ناو نەوجەوانییەوە ئەم دەنگە لەگەڵ خۆیدا بەرەو خەون و خەیاڵێکی ئەفسوناوی ئەیبردم، ئەوەی کە بەمنداڵی هەرگیز بەخەیاڵمدا نەهاتووە و بیرم لێنەکردۆتەوە ئەوە بوو کە مامۆستا کەریم کابان ڕۆژێک لە ڕۆژان شیعرێکی من بکاتە گۆرانی و ئەو شیعرەش نمایشی تەمەنی خودی مامۆستا بێت. من نامەوێ بە زمانێکی شیعری بدوێم بۆیە زۆر بە سادە و سانایی دەڵێم: تەمەن قوفڵی گۆرانییەکانی مامۆستا کەریم کابانە لە ڕووی ئاواز و موزیک و وتن و شیعرەوە.

دیارە هەموو کەسێکی ئەدەبی و هونەری و سیاسی دوو تەمەنی هەیە، تەمەنێک لە ژیانی ئاسایی خۆی، تەمەنێکیش لە تەمەنی هونەری.

واتە ئەبێت بڵێیت تەمەنی هونەری مامۆستا کەریم کابان لە کەیەوە دەستی پێکردووەو لە کوێدا دەگاتە پایان .

لە سەرەتای نەوەدەکاندا من شیعری تەمەنم نووسیبوو دواتر لەگەڵ چەند شیعرێکی تر دامە هاوڕێم زانای مەحمود هەژار دیارە ئەویش ئاوازی بۆ دانا و دواتر وەک گۆرانییەک بۆ مامۆستا کەریم کابانی ساز کرد .

من لێرەوە ئەتوانم بڵێم کە تەمەنی ئەدەبی و هونەری من و زاناش پەیوەست بوو بەو گۆرانییەوە. دوای تۆمارکردنی گۆرانی تەمەن و ئێمە وەک کۆمەلێک گەنج زیاتر لە میهر و خۆشەویستی کاک کەریم کابان نزیک دەبووینەوە و ئەویش زیاتر و باشتر خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕین .

ڕۆژێک ئەم دوو دێڕە شیعرەم بۆ کاک کەریم کابان خوێندەوە

تۆ کچێکی بەهاری بوویت ، منیش کوڕی گەلاڕێزان
خۆ ئەتزانی کە گوڵ نابێت بە هاودەمی وەرزی خەزان

دیارە ئەویش زۆری پێخۆش بوو، وتی ئەو هۆنراوەیەم بۆ بنووسە تا خۆم ئاوازی بۆ دابنێم و بیکەمە گۆرانییەک ، ئەوەبوو پاش چەند ڕۆژێک شیعرەکەم بۆ برد و ئەویش ئاوازی بۆ دانا ، بەڵام بەداخەوە لەو کاتەوە باری تەندروستی مامۆستا ڕێگەی نەدا تا تۆماری بکات هەتا ئەو گۆرانییەش ببێتە شاکارێکی تر لە شاکارە نەمرەکانی مامۆستا کەریم کابان .

هەڵبەتە من لێرەدا تەنها زوومی وتەکانم لەسەر دوو ساتی جیاوازی ئەو هونەرمەندە گەورەیەدا بووە، ئەگەر بکرێت خوێندنەوەیەکی دروست بۆ سەرجەم لایەنەکانی ئەم ئەم کەڵە هونەرمەندە بکرێت دەبێت کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکانی موزیک و مێژوو و ئەدەبی بە شیکردنەوەیەکی وردو درشت لەسەر مامۆستا کەریم بدوێن و سەردەم و پێناسەی لە ڕۆژی دەستپێکردنییەوە شیبکەنەوە تا ئەم ساتەی کە بۆتە ناسنامەی شاری سلێمانی ، ئەگەر کەسێک هاتبێتە سلێمانی ناکرێت بەرزی و گەورەیی ئەم هونەرمەندەی سلێمانی نەبینێت ئەگەر غەریبەش بێت.

ئەم پیاوە دەنگێکە لەگەڵ بارانی بەهاردا ئەودێت و بەشنەی پاییز ئەمانلاوێنێت و بە نەسیمی بەیانیان بێدارمان ئەکاتەوە ، تەمەنی ئەم داهێنەرە کورتی تەمەنمان نیشان دەدات و بە فلاش باک دەمنباتەوە بۆ سەردەمی پەپوولەکان خۆزگەی ئەم پیاوە خۆزگەیەکە کە لە منداڵیدا پێکەنینمان بە خەم هاتووە و لە ناو گریانمانا زەردەخەنەیەک هاتۆتە گۆ. تەمەنی ئەم کەڵە هونەرمەندە نامەیەکی پێیە ئەو نامەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە لە تەمەنی منداڵی کەریم کابانەوە سەدان و هەزاران هاوتەمەنی کەریم کابان لەم شارەدا ژیاون و گەورە بوون بەڵام تەنها ئەم پیاوە بەهرەمەندە توانی تەمەنی خۆی لەسەر شەپۆلی دڵی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە بنووسێتەوە .

**ئەم شیعرە(خەزان) بەرهەمێکی شاعیر ئەحمەد محەممەدە و وابڕیارە هونەرمەند کەریم کابان ئاوازی بۆ دابنێ و بیکات بەگۆرانی، ئەحمەد مەحمەد شاعیری شیعری تەمەن ە کە مامۆستا کەریم کابان کردوویەتی بەگۆرانی.**



خەزان

تۆ کچێکی بەهاریی بووی، منیش کوڕی گەلاڕێزان
خۆ دەتزانی کەگوڵ نابێت بەهاودەمی وەرزی خەزان
ئەی بۆ هاتیت، وەکو خۆری چاوبەنازی لای ئێوارە
کەدەتزانی لەسەر کۆچی و ئۆقرە ناگری لەم هەوارە
تۆ لەخەونی منا نەبوویت، چۆن هاتیتە ناو چاومەوە
وەکو گری شەرابی سوور، ڕژایتە ناو هەناومەوە
بۆ کوێت بەرم، کۆشکی بەرزم لە ناو لەپی دەستمدایە
ئەو ڕۆژانەی کەمن هەمە، زۆرجار خۆریان لێ هەڵنایە
من پەنجەرەی ژوورەکەشم باوەش بۆ (با) ناکاتەوە
هەرتەنیایی دەستم دەگرێ و بەرەو لای خۆی دەمباتەوە
دڵم وەکو ئاوێنەیەک تەمێکی لێڵ داپۆشیوە
عومرم وەکو تاکە دارێک تا دوا گەڵای هەڵوەریوە

جادە چۆڵ و سێبەربوو کاتی بەیانی
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمروانی
بۆسەوزایی دەڕۆیشتم بۆ ئاسمان
بۆشی بەرز خانووی تازە دونیای جوان

ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم ئەڕۆی ئاوڕ نادەیتەوە
دوور لە هەموو هەنگاوێکتا لەعومری من ئەسڕیتەوە
خۆزگە منیش وەک پەپوولە گشت تەمەنم وەرزێک با
دوورلەخەم و تاری ژیان تەنها گوڵم بناسیایە.



# سەردەمی کەریم کابان..وانەیەک بۆ هەمووان



**ئامانج غازی**

گۆرکی لە دوای تەمەنی ٤٠ساڵیەوە، رۆمانی (دایک) شاکارە ئەدەبییەکەی بە مەرامی ئەوەوە نووسی کە بە هەمووەمان بڵێ، مرۆڤ ئا لەو سەردەمەدا نابێ بۆ خۆی بژی!! بەڵکو هەمیشە بەو هیوایە ژیانی بڕبکا و بەردەوام بێ کە بەردەوامی سروشت لانکەزای ئیلهامەکانیەتی!! مرۆڤی مەزن کاتێ لە سەردەمە جەنجاڵەکانیشدا بە هێمنی بیر دەکاتەوە، ئا لەو ساتانەدا (کابان) ئاسا دەبینرێ و پلە و پایەی (کابان) ی هونەرمەندی پێ رەوا دەبینرێ.
کۆمەڵێ میلۆدی و ئاواز کە شادەماری پێکهاتەی جەستەی گۆرانی کوردین و لە پەنجەکانی دەستمان تێپەر ناکەن وەکو (تسۆنامی)یەکی بونیاتنەر هەموو ئەو بابەتی (کرچ و کاڵانەی) رامالێ کە ببونە بەربەستێک لەبەردەم کانیاوی تازە گەری!! ئا ئەمەیە هونەر کە (شۆنبێرگ) ئاسا منیش لەگەڵیا دەیلێم هونەر نابێ بۆ هەموو کۆمەڵگابێ، گەر وادەرچوو هەمو کۆمەڵگا لەگەڵیا کەوتە هەلەکەسەما، ئەوا بابەتی ئەفراندن ئامێز تروسکایی هونەری نابینێ!! کەواتە (کابان) ی هونەرمەند کاتێک ئاوازێک بە ناخیا گوزەری کردووە و بە بەردەوامیش لە گوزەرکردندایە و خەریکە بگاتە ترۆپکی تەقینەوە ئەو زاتە مەزنە هەست دەکا کانیاوی رۆحی پر میهرەبانی خۆی هەمیشە لە پەلە قاژێدایە لەگەڵ خوودی خۆی!! لێرەدا پرسیار بە پێوە دەوەستێ و دەپرسێ: ئایا دەکرێ هونەرمەند ئاوازی ژیانی خۆی بکا بە قوربانی جەستەیەکی شەکەت و ماندوو بەڵێ (کابان) کردی من لەو ساتە وەختەدا وا هەست دەکەم کە (کابان) ی هونەرمەند بەم شێوەیەی خوارەوە هزر و بیرو ئیلهامی نێو ناخی خۆی بەخشیوەتە هەست و سۆزی یەکەیەکەی هەمووەمان:
(لە ناو جەرگەی کۆنارای ژیاری خۆیدا هەمیشە ئاوێنە ئاسا خۆزگەکانی دەورووبەری خۆی لە واقیعی تاڵدا کردووتە ئاسۆیەک بۆ ئەوەی بتوانێ لە تونێلی ئەم ژیانە تاریکەدا تروسکاییەک لە نوری ( رۆح) ی هونەری خۆی ببەخشێتە شەوە ئەنگوستە چاوی ئەمرۆمان).
من دەزانم ئەو شتانەی (کەریم کابان)ی هونەرمەندیان ئازار داوە و بەبەردەوامیش تا ئەمرۆ وەکو( زام و خۆی) ئازاری ژیانی دەدەن، هەموو رۆژێ بەبەردەم بینا و دیدە کزەکانماندا گوزەریان کردووە و گوزەریش دەکەن، وەلێ ئەفسۆس نەمانتوانی لە عیبرەتی ئاوازەکانی دوێنێ ی ئەو، ئێستایەکی ئایندە ئامێزی بۆ برەخسێنین!!
بۆیە کاتی بەراوردکارییەکی هونەری لە نێوان میلۆدییەکانی کەریم کابان و ئاوازی، هونەرمەندانی تری کورد لە تاراوگە و نێو کوردستانی لە ت لەت کراودا دەکەین هەست بەو حاڵەتە نەخوازراوە دەکەین کە هونەرمەندان بەگشتی ئیلهامی ئاوازەکانیان لە هاوچەرخێتی بیرکردنەوەیەکی بەتاڵ لە مەعریفەتی شین و شایی، ژان و خەندە چنیوە، وەلێ کاتێ گوێچکەی هەستیار گوێبیستی میلۆدیەکی (کابان) ی هونەرمەند دەبێ، دڵ لە ترسی خوێنی فشار هێنەر لە نێو پەراسوەکانی جەستەی لاوازی هەر هەمووەمان بەشەرمەوە ترپەکانی خۆی دەبەخشێتە هەناسە سوارەکانمان بۆیە لێرەدا لەدایکبونی مەودایەک لە پانتایی تێگەیشتن و یەکتر خوێندنەوە و بەیەکەوە گرێدانی ( دەقی زیندوو-دەنگی زوڵاڵ-میلۆدی لێوانلێو لە ئەزموون) رادەگەیەنرێ و بۆ هەمیشە لە نێو پەرەگرافی ژیاندا مەحاڵە چیتر هەردوو چەمکی (هونەر و هونەرمەند) لە یەکتر بترازێن و لەوالایی یەکتر جیا بکرێنەوە.
لە دوماهی دەربرینی نەستیی هەستەکانمدا هەست دەکەم سەردەمی (کەریم کابان) خەریکە لە نێو دەست و پەنجە زبراویەکانیدا بە ئارامی نەشونما دەکا، بۆیە حەق وایە لە کەڤاڵ و پانۆرامای ئەمرۆی کوردستان مێژووی لە دایکبونی یەکەیەکەی ئاوازەکانی ئەم زاتە داهێنەرە بە نۆتەی ئەبەدی عەرشی سەروەرییە هونەریەکانی هونەرمەند بێنازەدا. بنەخشێنێ و رۆژانی سەخت و دژوارو نەهامەتی هونەرمەندیش هەر لە زێدی لە دایکبوونیەوە، تا دەگاتە پەڕینەوە بۆ ئەودیوی سنووری بیرکردنەوەی هەر هەمومان بکاتە وانەیەک کە بەڕاستی وانەی پر عیبرەت و پەندی هونەری بڵێ بۆ هەمومان بۆ ئەوەی ئێمە چیتر نەکەوینە نێو داوی خەیاڵی واقیعێکی وەهم ئامێز کە من دڵنیام ژەنیاران پێش ئاواز دانەران و گۆرانیبێژانیش پێش شاعیران دەزانن کە کلتووری زیندوو بە پاڵپشتی کەلەپوورێکی زیندووتر دەڕژێتە نێو مێژوویەکی هەمیشە زیندوو کە بێگومان ئەو مێژوە (کەریم کابان) ی تێدا پەروەردە و دواتریش یاخی بووە.


# نەغمەیەک لە ئاسمانی سلیمانیدا



گۆران عەلی کەریم

ئەگەروەکو میژوو سەیری شاری سلێمانی بکەین ئەوە تەنها دوو شت هەیە بۆ باسکردنی ئەم شارە ئەویش هونەرو ئەدەبەکەیەتی , چونکە سلێمانی شارێکی دێرینی چەند هەزارساڵەنییە تاوەکو لایەنی دێرینی تری هەبێت. هەڵکەوتەی ئەم شارە پەیوەندبووە بە کەسایەتەکانیەوە , لە هەر دەور و زەمانێکدا چەند کەسایەتیەک و پیاو ماقوڵێک هەڵکەوتووە و بووەتە رەمزلە شاردا. تەنانەت بەرلەوەی بابانیەکانیش رووبکەنە ئەم دەڤەرە و زیاتر ئاوەدانی بکەنەوە ئەم ناوچەیە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە. سلێمانی لەزۆر روەوە پێشەنگ بووە لە شکانی کۆت و بەندی تەقلیدیەتدا بەتایبەتی , بۆنمونە بەر لە هەموو ناوچەیەکی کوردستاندا ئەم ئازادی زیاتری داوە بە خانمان یاخود شکاندنی حەرامی ئاینی کەلەنێو دەقە شعرییە کلاسیکیەکاندا هەستی پێدەکەین. بۆیە زۆرجار ئەوانەی کەلەدەرەوەی سلێمانیەوە هاتونەتە ناو سلێمانی زۆری ویستوە بتوانن لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیانەی ئەم شارەدا رابێن , رەنگە ئاسان بوبێت لە شارێکی وەکو هەولێردا یاخود کەرکوکدا غەریبان زوو تەپوتۆزی غەریبایەتیان لێبتکێو ببنە شاری. بەڵام کەسانێک هەن زیاد لە پەنجا ساڵە لەم شارەدان و تائێستاش نەیان توانیوە خۆیان لەگەڵ ئەدمۆسفێری ئەم شارەدا بگونجێنن و ببنە شاری. بەبروای من شاری لەسلێمانیەوە بۆ هەموو شارەکانیتر جیاوازی هەیە. بونی ئەدەب و هونەر لەم شارەدا جیاواز لە هەموو جێگایەکیتر کاریگەری خۆی هەبووە بۆنمونە زۆرترین کۆبونەوەی خێزانەکان و گەرەکەکان پێکەوە دەبوایە گۆرانی و شعرو شانامەی تێدا بخوێنرایە کە بەلایەنی کەمەوە دەبوایە بنەماڵەکان دەنگ خۆشێک یان شاعیرێکیان تێدابوایە , وەئەگەرنا دەبوایە قسەخۆش و نوکتە بازێکی تێدا بوایە. هەندێک لەو دەنگ خۆشانە بونە هونەرمەند و هەندێکیشیان دەنگە خۆشەکەیان بردە ناو خاک بۆنمونە (عەبدوڵا حەیران) یەکێک بووە لە دەنگ خۆشەکانی شار کەلە مەجلیسەکانی شێخ مەحمودا گۆرانی چرپیوە و لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا یەک دووجار لە مەجلیسی (ئیبراهیم ئەحمەد)دا گۆرانی وتوە. بۆیە نمونەکەم عەبە حەیران بوو چونکە لە دایکمەوە دەکاتە باپیرەم دەنا زۆرکەسی تری وەک ئەو هەبوە. یاخود هەندێک لە مەلاکان و بانگ بێژەکان کەزۆرجار ئەمانە گۆرانیشیان وتوە بەتایبەت بانگ بیژەکان کە دەنگ خۆشی زۆریان تێدابووە. یەکێک لەو دەنگ خۆشانەی کەبانگ بێژ بووە لەسلێمانیداو مداڵێکی دەنگ خۆشبووە. لەمنارەی مزگەوتی شێخانەوە دەنگێک تێکەڵاو لە ئاوازی خودای و بەسۆزتر لە نەغمەی پاسارییەک بانگی دەبێژا , ئەم نەغمەیە یادبوو بۆ ئەبەد لەناو مزگەوتەکاندا بانگ بێژێت و قورئان بخوێنێت یاخود دەبوو روو لە دیوەکەی تری دونیا بکات ئەودیوەی زۆرجار بۆشاییەکانی وجودمان بۆ پردەکاتەوە , دیوێک رێگە تاریکەکانی ناخمان رۆشن دەکاتەوە ئەویش گۆرانییە. کەریم کابان دەنگێک لە ئاسمانی شاری سلێمانییەوە داگیرسا ئەوکەسە منداڵەبوو کەدەنگی (الله اکبری) لە شارەوە بۆ مەلەکوت بەرز دەبۆوە. کەریم کابان هەر لەسەرەتای دروستبونی لایەنی هونەرییەوە هەروەکو ئەوەی خودا نەغمەیەکی تایبەتی لە گەرویدا چاندبێت شێوازو تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە . کەدەنگی لەهیچ دەنگێکیترو ئاوازی لە هیچ ئاوازێکی تر ناچێت بۆیە لەهەر شوێنێک و لە هەرجێگایەک گوێمان لەو دەنگە بێت رۆحمان داگیر دەکات و دەمانکاتە شاری. هەڵبەتە مەبەستم لەشاری پەیوەندی نێوانی دەنگی ئەو شاری سلێمانییە گەر زیاتر وردبینەوە لە گۆرانیەکانی ئەوا دەمانباتەوە ناو کۆڵانە گڵین و کۆنەکانی سلێمانی هەندێک جار مرۆڤ گەر ئەم شارەشی نەبینیبێت دەتوانێت وێنەی ئەم شارە لە دەنگی کەریم کابانەوە هەست پێبکات. زیندوێتی شار پەیوەندی نییە بە میعمارەوە چونکە زۆرجار میعمار دەبێتە زیندان بۆ مرۆڤ , ماڵ زۆرجار بێجگە لە چواردیواری داخراو هییچیتر نییە مرۆڤی کورد هەمیشە ماڵی وەک کەرەستەیەک بەکار هێناوە تاوەکو خۆی لەگەڵ دونیای دەرەوە داببرێت بەڵام ئەوە دەنگە ئاسمانیەکانمانن کەدەتوانن بێ هیچ سنورو بەربەستێک خۆیان بخەنە ناو دڵی هەمومان. لەسەر دەنگی کابان هەست بە غەریبیەکی گەورە دەکرێت هەست بە غەمێکی قوڵی مرۆڤی کورد دەکرێت هەست بە نشوستی و دابڕانی ئەم مەخلوقە دەکرێت کەناوی کوردە. ئەمەش بێگومان لەژێر کاریگەری ئەو ژیانەدابوە کەخۆی تێیدا ژیاوە. کەریم کابان بەشێکی ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری بووە کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حوزنێکی گەورە سیمای گۆرانیەکانی دابگرێت. غوربەت کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر مرۆڤ , هەندێک جار مرۆڤ بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات دەبینێت غوربەت وێرانی کردوە و ئەستەمە جارێکیتر بتوانێت لەناو ژیاندا بەشێوەیەکی تەندروست گوزەربکات , بەپێچەوانەشەوە دەکرێت مرۆڤ لە غوربەتدا هەست بە دۆزینەوەی نهێنیەکی ئەم گەردنەبکات , داهێنانێک بکات کە بەر لەو پاش ئەویش هیچکەسێک نەتوانێت ئەو کارە داهێنانەی ئەو بکات. هەڵبەتە کاتێک قسە لە غەوربەت دەکەم مەرج نییە مرۆڤ سەفەربکات واتا سەفەرێکی جەستەی بەڵکو زۆرجار مرۆڤ لەناو وڵات و شاری خۆشیدایە هەست بە غوربەت دەکات. هەستکردن بەغوربەت بەو مانایە نایات کەمرۆڤ لە هەموشتێک دادەبرێت بەڵکو بەو مانایەیە جارێکیتر مرۆڤ خۆی لەپەیوەندیەکی تری دونیادا دەبینێتەوە. زۆرجار مرۆڤ دەتوانێت لەم جیهانە تازەیەدا زۆرشت بدۆزێتەوە کە داهێنانی گەوەرەبێت لە ژیاندا , وە دەشکرێت ئەو مرۆڤە بۆ ئەبەد لەناو خۆیدا ونبێت. هەستکردنی کەریم کابان بەرامبەر بە غوربەت ئەو دیوەیە کە کەشف کردنی دونیایەکی نوێیە , ئەم دونیا نوێیە نەک تەنها بۆخۆی بەڵکو بۆ هەمومان نوێیە. کەشفکردنی جیهانێکی نوێ لای کابان بەتەنها بۆخۆی خەنەکانی خۆی نەبوە بەڵکو لەرێی دەنگیەوە توانی بەیانی ئەو جیهانە تازەیەمان بۆبکات کە هەمومان سەرمەست دەبین بەدەنگی. لەپاش رووخانی شۆرشی ٧٤ مرۆڤی کورد لە ئومێدەوە بەرەو نائومێدی رۆیشت , دەبێت ئەوە بڵێم لە پاش هەموو سەر کەوتن یان روخانی شۆرشەوە لەپاش هەموو دەسکەوتێکی نیشتمانی و نشوستێکەوە ئەوە سیاسیەکان نین هەستی ئومێد و نائومێدی دایان دەگرێت بەڵکو ئەوە هونەرمەندان و نوسەرانن کە لە سەرکەوتندا داوای سەرکەوتنی زیاترو لە نشوستیشدا داوای هەڵسانەوەی ئومێد بەخش دەکەن. لەپاش روخانی شۆرش لەساڵی ١٩٧٤ دا خێزانی کەریم کابانیش وەکو زۆربەی خێزانە شۆرشگێرەکانی ئەو سەردەمە نەفی کران بۆ باشوور. ئەم نەفیکردن و غوربەتە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر کابان داناوە بە بروای من رەنگە تائێستاش تا ئەم ساتەوەختەی من قسەی تێدا دەکەم کابان رۆحی لەژێر ئەو غوربەتەدا مابێت. سەفەری حەقیقی کابان لێرە بەدواوە دەست پێدەکات چونکە وەک ئەوەی رۆحی موزسیانێکی داگیر کردبێت بۆخۆی دەست دەکات بە ئاواز دانان. گەر ئەمە هێزێکی گەوەی داهێنان نەبێت چۆن کەسێک بەبێ شارەزای لە نۆتەو بەبێ شارەزای لە ئامێرێکی موزیکدا دەتوانێت ئاواز دابنێت , هەڵبەتە ئاوازەکانی کابان ئاوازێکن لە سحرو ئەفسونی دونیا , لەو جۆرە ئاوازانەن کە لەدونیادا تەنها یەکجارلەدایک دەبێت و هەرگیز دووبارە نابێتەوە یاخود گەران بەشوێن شیعردا. کەهەڵبژاردنی شیعری کابان بۆ گۆرانیەکانی سەلیقەی مرۆڤی هونەرمەندە , ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە لەسەرەتادا باسملێکرد دەبێت خێزانەکانی شاری سلێمانی ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەدەب و هونەردا هەبێت , بەدەگمەن لەناو ماڵاندا هەبوایە شیعری کلاسیکی نەزانن یاخود کۆرو مەجلیسەکانیان چ ئاینی بوایە یاخود ئەهلی مەشروب هەردەبوایە بەشێک لە قسەکانیان تەرخان بکەن بۆ شیعری کلاسیکی. کابانیش کوری شارە و لەژێر ئەو کاریگەریەدا بۆ گۆرانیەکانی پەنای بردۆتە بەر ئەو شیعرانەی کە زۆرترین کاریگەری بەجێدەهێڵن.لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا ناکرێت باس لە تیپی میوزکی سلێمانی نەکەین لەبەرەو گەیشتنە لوتکەی کەریم کابان دا. تیپی میوزیکی سلێمانی یەکێکە لە تیپانەی کە رەوتی هونەری میوزیک و گۆرانیان بەرەو ئاستێکی باڵا بردوە , چ لە ئاوازەکانیان یاخود دابەشکردنی میوزیکیان کەلەگەڵ گۆرانیدا میوزیکیشیان ئاشناکرد بە خەڵکی کوردستان هەڵبەتە مەبەست لە ئاشناکردنی رستە میوزیکیەکانە. زۆربەی ئەو گۆرانیانەی کابان وتویەتی لەگەڵ ئەم گروپە میوزیکیەدا بووە یاخود ئاهەنگەکانی کەهەر ئەم گروپە بون. کەواتە دەتوانم بڵێم تەواوکەری ئەم دەنگە ئەفسوناویە تیپی میوزیکی سلێمانییە. بەتایبەت گۆرانیەکانی (شەو — یاران وەسێتم —خەنەبەندان —باوانم— ئەی یار ئەزیزم یار) و چەند گۆرانیەکی تر. هەرچەندە کەریم کابان گۆرانی کەمە کە هەمووی نزیکی ٢٠ گۆرانی دەبن بەڵام بەو گۆرانیانەی توانیویەتی پانتاییەکی گەورەی هونەری میوزیک داگیربکات , کە کەمجار لەمێژودا هەڵدەکەوێت کەسانێک بەرهەمیان کەمبێت بەڵام ئاستی داهێنانیان بەرز بێت هەروەکو (رامبۆ و ئەحمەد هەردی) ئەمانە لەو کەڵە نوسەرانەن کە بەرهەمیان خۆی لە دیوانێک دەبینێتەوە بەڵام ناویان لە پێش زۆر ناوی ترەوەیە. کابان دەنگێک لە بڵندیدا , نەغمەیەک بۆ ئەبەد بەزیندوێتی لە رۆحماندا گوزەر دەکات.





# دەنگە گەردوونییەکەی کەریم کابان









**کامەران سوبحان**

کەم هونەرمەندی کورد هەیە وەک ئەو گۆرانی وتبێت و دەنگی بووبێتە ئەفسانە، کەم گۆرانی بێژی کورد هەیە هێندەی ئەو بە هێمنی و بە هێواشی کاری لە چێژ و تێڕامانی ئێمە کردبێت، گۆرانی و میلۆدییە مرۆڤ دۆستییەکەی ئەو هەموو سنوورە هەستەوەرییەکانی ئێمەی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە قوڵاییەکانی ناخی مرۆڤ، گەیشتووەتە ئەو ساتانەی جگە لە تێڕامان و وردبوونەوە لەو دەنگە مەزنەی ئەو هیچ دەرفەتێکی ترمان بۆ ناهێڵێتەوە، کەریم کابانی هونەرمەند هەموو گۆرانیەکانی لە ٢٠ گۆرانی تێپەڕ ناکات، بەڵام دەنگ و میلۆدییەکانی بۆ چەندین نەوەی جیاوازی کورد بووەتەموعجیزە و هەمیشە بەشێکی گەورەی یادەوەری و تێڕامانی مرۆڤی ئێمەی داگیرکردووە، لەڕووکەشدا هەندێک پێیان وایە گوێگرتن لە گۆرانییەکانی ئەم گۆرانیبێژە بە ئەزموون و رەسەنە، گوێگرتنە لە خەم و تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵی نەوەیەکی ئالوودەبوو بە شۆڕش و ئازادی و فیشەک و جۆش و خرۆشی نەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە گۆرانییەکانی ئەم هەمیشە بە ریتمێکی جیاواز و هێواش هێواش رۆحمان پڕ دەکات لە هێمن بوونەوە و تێڕامان و بیرکردنەوە لە سرووشت و لە مرۆڤ دۆستی و لە تێڕامانی قوڵ لە رۆحە پەرتەکانمان، مرۆڤ و بەها مرۆییەکان گرنگترین رەگەزی گۆرانی و دەنگەڕەسەنەکەی کابانە، ئەم حاڵەتانەش چەند پەیوەست بن بەو چەند دێڕەی شیعری گۆرانییەکانی دەهێندە پەیوەستە بەو رۆحە مەزنەی ئەو لە کاتی گۆرانی وتندا، بەو راستگۆییە مەزنەی ئەو لەگەڵ میلۆدی و دەنگ و ئاواز و هونەریی گۆرانی وتندا.

هەمیشە بۆخۆم ئەو کاتانەی کە هەستم کردووە رۆحم بریندارەو یادەوەریم رێگەی بیرکردنەوە و تێڕامانی زیاترم نادات لەو چرکەساتەدا گوێگرتن لە (یاران وەسیەتم، تەمەن) ئەو دوو گۆرانییەی کابان زۆر بە هێواشی ئەو رۆحە بریندارەی جەستەم تیماردەکات و زۆرجاریش دەمکاتە مرۆڤێکی گەردوونی، ئەو هەستەم دەداتێ وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی تر بژیم و بە تەنها دەنگی ئەو هەیە و هیچ زیرە زیڕ و دەنگێکی بێزارکەری تر نابیسرێت، کە لە راستیدا ئەم بیرکردنەوەیەی منیش جۆرێکە لە خەون و خولیا و ئاوات خواستن بە مەحاڵێکی قورس و ئەستەم کە رەنگە لەم هەسارەیەدا ئەو خەون و ئاواتانە بوونیان نەبێت، بەڵام لە راستیدا خۆم لە کاتی گوێگرتن لەو بەو هەستە دەگەم.

لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان، ئەو کاتەی گۆرانی حەماسی و جۆشدانی بەرەکانی جەنگ و شۆڕش و بەرخوردان لە ترۆپکی بازاڕگەرمی دا بوو، زۆر هونەرمەند و کەسانی ئەو بوارە هەبوون گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد هەر گۆرانیبێژێک تەلقین بۆ ئەو ریتم و شێوازە لە گۆرانی وتنی حەماسی نەڵێت گەر چرای دەنگیشی نەکوژێتەوە ئەوا بەرەو کزی دەچێت، گەر بۆ هەندێ گۆرانی بێژ ئەم یاسایە راست بووبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ کەریم کابان نەک راست دەرنەچوو، بەڵکو یەک تۆزیش ریتم و شێوازی خۆی نەگۆڕی و سەرجەم گۆرانییەکانی بەو شێوازە گەردوونی و موعجیزە ئاساییە بەردەوام بوو کە پێش نیو سەدە کاری لەسەر کردبوو، ئەم تایبەتمەندییە دەرچوونە لە یاسا باوەکانی ریتمی گۆرانی کوردی وا دەکات بێ هیچ دوودڵییەک زاراوەی گەردوونی بۆ دەنگی ئەو بەکار بێنین.

زۆرجار و لە زۆر سات و کاتی جیاوازدا بیرم لە نووسین و لێکۆڵینەوە لەو دەنگە گەردوونییە کردووەتەوە، بەڵام هیچ کات نە توانیوومە سەرەتای دێڕ بنووسم نە توانیوومە شتێک بنووسم بگاتە ئاستی ئەو دەنگە مەزنەی کابان کە وەک ئەڵماسێکی تیژ بەشێکی زۆری گوێی نەوەکانی ئێمەی لە رابردووەوە بۆ ئێستا و ئایندە دەبڕێت، بەڵام ئەم جارە زۆر دەروێشانە ئەم چەند دێڕەم نووسی، ئەوەی نووسیومە هەستی خۆمە بۆ دەنگی ئەو، ئەوەی دەینووسم نووسینەوەی ئەو ساتە خۆش و پڕ لە نەشئانەیە کە زۆرجار لەگوێگرتن لە دەنگی کابان لە حاڵەتێکی سۆفیگەرێتیی پڕ لە تەنهاییدا پێی دەگەم، ئەمە گوزارشتێکی راستەقینەیە لەم دێڕانەی کە نووسیوومە و هیچ تر.

# ساتێک لەگەڵ دەنگە ڕەسەنەکەی کەریم کابان





عومەر عەبدوڵا

هونەر هەستێکی ڕۆحانیە لە ناو ناخی مرۆڤدا سەر هەڵدەدات پەیوەستە بەهەست وسۆز و ناخ و ئەندیشەو ئازارەکانی مرۆڤەوە وە شوێنی جوگرافیا و ئاو و هەوا و بەرز و نزمی و بونی شاخ و دەریا و سارد و گەرمی کاریگەری و ڕەنگدانەوە خۆی هەیە بەسەر دەربڕینی هەستەوە.
دەتوانین بڵێین میللەتی کورد یەکیکە لە میللەتە زیندوەکانی دنیا کە هەردەم کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە لە بوارەکانی ژیان وە خاوەنی کلتور و فەرهەنگی خۆی بووە. بەتایبەتی شاری سلێمانی کە ناو دەبرێت بە شاری ئەدەب و هونەر , لەسەر دەستی چەندین کەڵەشاعیر و ئەدیب و هونەرمەندی گەورە وە هەمیشە پلەی پێشەنگی پێ دەدرێت بە تایبەتی لە بواری گۆرانی و موزیک چ بو□ گەورە بێت یان منداڵ.

یەکێک لەو هونەرمەندە گەورانەی کورد کە لە شاری سلێمانی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە (کەریم کابان )ە کە بە دەنگە ڕەسەنەکەی و ئاوازە ناوازەکانی هەنگاوێکی زۆر باشی ناوە بۆ بەرەو پێشبردنی هونەری کوردی , هەمیشە جێ دەستی دیار بووە و یەکێکە لەو دەنگە ڕەسەنانەی کە سنووری سلێمانی بڕیوە , هەرچەندە بەرهەمەکانی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت بەڵام گۆرانیەکانی ئەوەندە ناوازە و بە پێز و ڕەسەنن کە عەشقێکی قوڵی تیا بەدی دەکرێت , تەمەنی گۆرانیەکانی ئەوەندە درێژ کردووە کە هەرگیز کۆن نابن و دەماودەم دەوترێتەوە , لە دڵی گەنج و پیردا جێگای خۆی کردۆتەوە. کە ئەمەش دەچێتە خانەی ڕەسەنایەتی هونەری کوردی و هەمیشە بۆتە جێگەی شانازی میللەتەکەمان لەڕووی هونەرەوە.
نابێ ئەوەشمان بیرچێت کە دامەزراندنی تیپی موزیکی سلێمانی لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٨ دەورێکی باڵای هەبووە لە بەرەو پێش بردنی موزیک و گۆرانی کوردی وەزوربەی دەنگە ڕەسەنەکانی لەخۆی کۆکردبووە وەک کەریم کابان و عوسمان عەلی و قادر کابان و ئیبراهیم خەیات و حەسەن گەرمیانی و کەریم خەمزەیی و ئەسعەد قەرەداغی و پەیمان عومەر و چەندین گۆرانی بێژی بەتوانای تر کە لەبەرزۆری ناکرێت هەموو ناوەکان بڵێین .

کەریم کابان کەسایەتییەکی زۆر سادە و خاکی بووە هەمیشە تیکەڵاوی خەڵکانی سادە بووە هەرچەندە ئاستی خوێندەواری کەم بووە بەڵام بە هەوڵ و ماندووبونی خۆی سودی لە ژیان بینیوە و زۆری هەوڵداوە و توانیویەتی تا ڕادەیەک شارەزای مەقامەکان ببێت و ئاوازی نوێیان لەسەر دابنێت و لەگەڵ تیپی موزیکی سلێمانیدا هەمیشە بیریان لە ڕەسەنایەتی کردۆتەوە و بەرهەمەکانی تا ڕادەیەکی زۆر تینوێتی شکاندووە.
ئەتوانم سەرکەوتوویی کەریم کابان لەم چەندخاڵەی خوارەوە ئەژمار بکەم بە بۆچونی خۆم:
١-هەوڵ و ماندووبون و گەڕانی بێوچان بە شوێن ڕەسەنایەتی و ناسینەوەی مەقامە کوردیەکان و کارکردن لەسەریان.
٢-هەڵبژاردن و بەکارهینانی ئەو شیعرە بەپێزانەی شاعیرە گەورەکان کە عەشقێکی قوڵی تیابەدی دەکرێت وەک بێسارانی و کامەران و ئەحمەد هەردی و وەلی دێوانە و هێمن و چەندین شاعیری تر و هۆنراوەی فۆلکلۆر .
٣-توانای دەنگی زۆر کاریگەر بووە و تۆنی پاک بووە لەگەڵ ئەوەی لە پلە دەنگییە بەرزەکاندا زۆر بەجوانی ئەدای کردووە و لە میانەی ئۆکتافدا ئاوازی داناوە.
٤-هەڵبژاردن و دانانی ئاوازەکان نزیک بووە لە ناخیەوە وە توانای باشی هەبووە لە وەرگرتنی ڕیتم و تۆنی مۆزیکدا بەتایبەتی لە کاتی پرۆڤەکاندا لەگەڵ ژەنیاران هەرگیز نەبۆتە هۆی ماندوکردنیان کە ئەمەش جۆرە بەهرەیەکی تر بووە تیایدا.
٥-گەر ئاوازیک خۆی تیا نەدۆزیبێتەوە نەچۆتە ژێر باری و خۆی پیادا هەڵنەواسیوە بەمەش ژمارەی گۆرانیەکانی کەم بووە بەڵام پوخت و تەڕ و پاراو و ڕەسەن بووە.
٦-سادەیی و خاکی ئەم زاتە ئەوەندەی تر هونەرەکەی بەرزتر کردوە وای کردوە کە چۆتە ناو ناخی هەموو کەسێکەوە .
ماوەتەوە بڵێین گەنجەکانمان با لەم کەڵە هونەرمەندانە سوود وەرگرن و ڕەسەنایەتی بپارێزن و بە ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە کاربکەن , خۆشەویستی ودڵسۆزی بخەینەوە ناو هونەری کوردی چونکە هونەری موزیک و گۆرانی کارێکی گشت گیرە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە تا زیندوین قەدری یەکتر بگرین تا ئایندەیەکی گەشتر دروستکەین و زەمینەیەکی باشتر بۆ یەکتر برەخسێنین چونکە هەموو هونەرە ڕاستەقینە ڕەسەنەکان دەبنە پێناسەی میللەتەکەمان با بە هەوومان جوانتری کەین.

# کابان دەنگێک فێنک وەک بارانی سلێمانی







**مەحمود نەجمەدین**

کابان هونەری بەخۆراکی رۆح زانیووە و ئەمەش هۆی داهێنان بووە لای ئەو، دەگمەنن ئەوانەی بەچەند بەرهەمێکەوە داهێنان دەکەن و دەبنە داهێنەری سەردەمەکەی خۆیان و لەمێژووشدا ئەستێرەی درەوشاوەن. لەشیعردا خەڵکی وەکو محەمەد عومەر عوسمان هەن کە بەکۆمەڵێک شیعر کۆڵەکەی خۆی لەنێوەندی شیعری کوردیدا چەقاند. مامۆستا کەریم کابانیش هەر بەو شێوەیە بوو، زۆری و بۆری نەکرد، بە کۆمەڵێک گۆرانی داهێنانی کرد. دەنگی کابان رەنگ و بۆی سلێمانییە، بۆنی شاری لێ دێت. بەرهەمی ئەم هونەرمەندە لەشاردا لەدایکبووە. گوزارشتە لە رەنگ و روداو و یادەوەری شار. کابان کوڕی بنەماڵەیەکە دەنگخۆشی تێیدا رەگی داکوتاوە، لەباوکیەوە تا نەوەکان بەبنەماڵە دەنگخۆشن.

کەریم کابان ناوی تەواوی (عەبدولکەریم جەلال مەحمود)ە کابان نازناوی هونەرییەتی. ئەم هونەرمەندە لەساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی مەڵکەندی لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. جگە لەخۆی سێ برا و سێ خوشکی هەبووە، براکانی هونەرمەند قادرکابان و جەمال کابان و بەهادین، خوشکەکانی بەدری و ئەختەر و شوکری. لەمنداڵیدا لەگەڵ منداڵانی کۆڵان گۆرانی گوتووە و لەقوتابخانەی فەیسەڵیەش لە پۆلی چواری سەرەتایی لەیانەی وەرزشی سروود گۆرانی گوتووە و ئیتر بەهرەی خۆی بۆ دەرکەوت و هونەری گۆرانی هەڵبژارد. بنەماڵەی مامۆستا کەریم هەموویان دەنگخۆشن و باوکی لە تیپی دەفژەنەکان بووە کە لەمولودنامەکاندا بەشداریان کردوە. قادرکابانی براشی ئاشکرایە کە یەکێک بووە لە گۆرانیبێژە نێودارەکانی کورد. یەکەم بەرهەمی کەریم کابان گۆرانی (لەرێی دڵداریدا) بوو کە شیعری ئەحمەدی شێخ غەنی بووە و خۆی ئاوازی بۆ داناوە ولەساڵی ١٩٤٥ لە ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار کراوە. هونەرمەند کەریم کابان شیعری هەردی و ولی دێوانە و هێمن و... هتد کردووە بەگۆرانی.

کابان لە گەڵ گرووپەکانی تیپی مۆسیقای مەولوی کۆن و تازە ، تیپی ئێزگەی بەغدا، تیپی شۆڕش، تیپی پیرەمێرد و تیپی مۆسیقای سلێمانی کاری هونەری کردووە. ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانیش بووە. سەردەمانێک لەگەڵ هونەرمەندان عوسمان عەلی و ئیبرایم خەیات و.. هاوڕێ بوون و یادەوەرییەکانیان پڕە لە ئاوازی جوانی و عەشق. ئەم هونەرمەندە نەک هەر خۆی لە هونەری ڕەسەنی کوردی لای نەداوە بەڵکو هەمیشە خۆزگە و ئاواتەکانی ئەوە بووە کە هونەرمەندانی کوردی لە هونەری گۆرانی و مۆسیقای رەسەنی کوردی لانەدەن.

کابان پتر لە بیست ئاوازی داناوە و لەلای خەڵک و لەلای خۆشی گۆرانی و ئاوازی یاران وەسیەتم زۆر خۆشەویستە کە ئەم گۆرانییە شیعری وەلی دێوانەیە. جارێک لەشاخ تۆمارکراوە و جارێک لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی لەتەلەفیزۆنی کەرکوک کلیپ کراوە. خاوەن ستایلی خۆیەتی . لەگۆرانی ئەو دا خەیاڵ رۆڵی سەرەکی دەبینێت . گۆرانییەکانی پڕن لەعەشق و جوانی و رۆمانسیەت.

بەهرە و توانای ئەم هونەرمەندە وردە وردە گەشەی کرد، تا وای لێ هات کە لە هەموو کوردستاندا ناوبانگ و دەنگ و سەدای عەشقی وی بیسترا کاتێ لەساڵی ٢٠٠٣لەشاری سنە لەسەر شانۆ گۆرانی گوت لەگەڵ گرووپی مۆسیقای سلێمانی پێشوازییەکی مێژوویی لێ کرا. کابان ئاوازێکی نەمرە و سەدای شارە، بیرەوەرییەکانی مەڵکەندییە، دەنگێک فێنک وەک بارانی سلێمانی.

# کەریم کابان لەیادەوەری ئێمەدا جێگای تایبەتی هەیە



**هیوا قادر**


من پێموایە، هەموو شیعرێکی جوان گۆرانییەکی تیادا نووستووە، ئەوە دەنگ و مۆسیقایە ئەو گۆرانییە بێدارئەکاتەوە. کەوایە مەحاڵە گوێت لە گۆرانییەکی جوانبێت بەبێ تێکستێکی جوان و دەنگێکی تایبەت و مۆسیقایەکی ناوازە. ئەو گۆرانیبێژەی خاوەنی ئەم کۆمەڵە تایبەتمەندییە نەبێت لە گۆرانییەکانیدا ناتوانێت گۆرانییەک بڵێت چێژی ئێمە بگەیەنێتە ئاستی لەزەتبردن و بیرکردنەوە، دواتریش وابکات ئێمە ئەو گۆرانییە لە یادەوەری خۆماندا هەڵبگرین. دیارە چێژوەرگرتن لە گۆرانی پێش ئەوەی چێژوەرگرتنێکی گشتی بێت چێژوەرگرتنێکی تایبەتییە، واتا هەریەک لە ئێمە لەسەر جوانی گۆارانییەک ڕێ ئەکەوین بەڵام هەریەک لە ئێمە یادەورییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا دروست ئەکات.

هونەری گۆرانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە کۆمەڵگەیەکی نا تێکستە، واتا تائێستا خوێندنەوەی تیایدا نەبۆتە کلتور، شانسی مانەوەی زیاتری هەیە لەناو هونەرەکانی تردا، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەیخاتە ناو گێژاوێکی گەورەوە چونکە ناتوانێت لە ئاستێکی بەرزدا سوود لە تێکست وەربگرێت، هەروەها لەپاڵ مۆسیقایەکدا گەشەبکات کە هەم جێگای لەزەتبێت و هەم جێگای بیرکردنەوە.

پێموایە جێگای هەڵگرتنی کاری هونەری گۆرانیبێژانی دنیا لەناو کۆمەڵگا زیندووەکاندا پێش ئەوەی قەوان و بەکرە و سیدێکان بێت، یادەوەری ئینسانەکانە. ئەو گۆرانیەشی توانی بچێتە ناو یادەوەری ئینسانەکانەوە واتا چۆتە ناو بەهەشتی مانەوەوە.

کەریم کابان یەکێکە لەو هونەرمەندە خۆشبەخت و تایبەتانەی کە خاوەنی دەنگ و سەلیقەی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ من گۆرانی «یاران وەسێتم و قەت نەدەی ئازاری گیانی» دوو گۆرانین کە لە یادەوەری مندا زیندووون. بە بارێکی گشتیشدا پێموایە کەریم کابان یەکێکە لەو گۆرانیبێژە کوردانەی کە لە یادەوەری کوردیی ئێمەدا جێگای تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها بەپێی ئاستی هونەری خۆشی دەستی هەیە لە دروستکردنی چێژی ئێمە بۆ گوێگرتن لە گۆرانی.

خۆشبەختن ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژانەی دوای خۆیان چەند بەرهەمێکی جوانی گۆرانی بەجێدێڵن کە جیگای چەندان جار گوێگرتن و یادکردنەوەیە لەگەڵ دەنگیاندا. کەریم کابان یەکێکە لەو هونەرمەندە ژیان دۆست و خۆشەویستانە.





# هونەرمەند کەریم کابان



وریا ئەحمەد


ناسینی من بۆ ئەو گۆرانیبێژە هونەرمەند و ڕەسەن ودێرینە بۆ سەردەمی منداڵیم دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی باسی لێوە دەکەم جارێ هێشتا (تەلەفزیۆن) هەر ناویشی نەبوو، ئەوە لە ناوەڕاستی پەنجاکان بوو، لێرە ڕەنگە هەندێکەس بڵێن (وریا) بۆ ئەوەیەتی تەمەنی خۆی گچکە بکاتەوە، بەڵام هونەرمەند کەریم کابان بە دەستی خۆی نووسیویەتی: (( ساڵانی (١٩٤٥ ـ ١٩٤٦) لە ئێزگەی کوردی بەغدا بەشی کوردی بووم، ڕۆژانی هەینی کاتژمێر (٥:٣٠) ی پاش نیوەڕۆ ئاهەنگی گۆرانی ئاراستەییم پێشکەش ئەکرد، ئەوکاتە مامۆستا (جەمیل بەشیر) و (مونیر بەشیر) لە ئێزگەکە بوون، جار جار لە کاتی چوونما بۆ ئێزگە ئەو کوردانەی لە بەغدا بوون و حەزیان لە گۆرانی و موزیک بوو، لەو چایخانەیەی نزیک ئێزگە دائەنیشتن و چاوەڕێی چوونی ئێمەیان ئەکرد بۆ ئێزگە، کە چاویان پێمان ئەکەوت داوایان ئەکرد کە فلان گۆرانییان بۆ بڵێین؟ بە نسبەت خۆمەوە بێ دڵێم نەئەکردن و چییان بویستایە بۆم ئەگوتن، جا گۆرانی داواکراوی ئەوکاتەش بەوجۆرە بوو ... تاد ))* ئەوکاتەی ئەو هونەرمەندە باسی لێوەدەکات واتە ساڵەکانی (١٩٤٥ ـ ١٩٤٦) کە ئەو هونەرمەندە هەفتەی ڕۆژێک بەرنامەی ڕاستەوخۆی لە ئێزگەی کوردی بەغداوە ڕاستەوخۆ پێشکەش بە گوێگرانی کردووە، حەز دەکەم هەموو لایەک بزانن کە ئەوسا جارێ من هێشتا لەدایک نەبوومە! جا ئەو سەردەمانە و تەنانەت لە سەرەتای پەنجاکان و بەرەو ژوورتر، لە ماڵی (حەمە مەلای باپیرم) ڕادیۆیەکی گەورە هەبوو، هاوینان لە هەیوانە گەورەکە دادەنرا، هەیوانەکەش بەسەر حەوشە پان و بەرینەکەی دادەنۆڕی کە لە جیاتی کاشی و سیرامێکی ئەمڕۆ هەمووی بە تاتە بەردی پان داپۆشرابوو، دار توویەک و دار مێوێکیشی تێدابوو، لە ناوەڕاستیی ئەو حەوشەیەدا حەوزێکی ئاوی پاک هەبوو، ئەوە لە جیاتی (تانکی ئاوی سەربانی ئەمڕۆ) بوو، ئەوجا زۆرجار نەک هەر ئەندامانی خێزانی خۆمان، کە ماڵی مامە کەریم و ژن و (٧) کوڕ وتاقانە کچەکەی و ماڵی ئێمەش کە زۆربەیجار هەر منی تاقانە و دایکم بووین، چونکە باوکم نەک هەر شەوانە بگرە بەردەوام لە گەڵ برادەرانی خۆی لە دەرەوە بوو، ئەمە جگە لە بابە گەورە و دایەگەورە و پلکە عەیشێی خوشکی باپیرم، زۆربەیجار هەندێ دراوسێش ئامادە دەبوون و هەموویان لە دەوری ڕادیۆ گەورەکە لەو هەیوانە دوور و درێژەدا کۆدەبوونەوە و گوێیان بۆ گۆرانی کوردی ڕادەدێرا، جوان لەبیرم نییە بەڵام ڕەنگە ئەوساکە هونەرمەند کەریم کابانیش بەرنامەیەکی تایبەت یا چەند گۆرانییەکی لەو ڕادیۆیەوە پێشکەش کردبێت، هەرچەندە دواتر مەبەستم کاتێک تۆمارکردن پەیدا بوو، بەرهەمی هەموو هونەرمەندە کوردەکان لە گەڵ (تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی بەغدا) تۆماردەکران، کە مخابن زۆربەی ئەندامانی ئەو تیپە کوێر و نابینا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت نکوولّی لەو ڕاستییە بکەین کە ئەو بەرهەمانەی ئەوسا هی هونەرمەند کەریم کابان و دەنگبێژەکانی دی، بێشک کاریگەری ئەرێنییان لەسەر گەشەپێدانی بەهرەی هونەری دەیانی وەکو من جێهێشتووە. گۆرانییەکانی ئەوسای هونەرمەند کەریم کابان ئەوانەی وەبیرم ماون وەک نموونە: (بەری بەیانە زرەی فنجانە، ئەرێ مێولێ و دیلێژە) و هی دیکە بوون. زەمان هات و تێپەڕی ئەمجارە کاتێک لە ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ جاڕدانی ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئاداردا، ئێمە لە کۆیە (تیپی مۆسیقای باواجی)مان دامەزراندبوو، هونەرمەند کەریم کابانیش تازە وەک ئەندام پەیوەندی بە (تیپی مۆسیقای سلێمانی)یەوە کردبوو، بە تایبەتی لە یەکەمین (میهرەگانی هونەری کوردی)دا* کە لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی (١٩٧٤) بەڕێوە چوو، هەردوولامان، مەبەستم لە ئەندامانی هەردوو (تیپی مۆسیقای سلێمانی و باواجی)یە، لەو میهرەگانە بەشدار بووین و کاری هونەری جوانیشمان پێشکەش کرد، دواتریش کاتێک لە بەغدا بۆ کوردستان گەڕاینەوە ئەوەندەی نەبرد، جارێکی دی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، وەک عادەتی هەمیشەیی کودەتا یەک لەدوای یەکەکانی عیراق، بە تانک و تۆپ و زرێپۆش و فڕۆکە و دەیان چەکی قورسی دیکەوە، هەمدیس پەلاماری شۆڕشی ئەیلول وخەڵکی کوردستانی بێ تاوانی دایەوە، ئەوەبوو ئێمەیش هەردوولامان وەک زۆربەی خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان کە بە هەموو چین و توێژە جیاجیاکانییەوە، ئەوسا پەیوەندییان بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە دەکرد، ئێمەیش بە ورەیەکی پۆڵایینەوە هەر ئاوامان کرد.

کاتێکیش ئێمە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا وەک (تیپی مۆسیقای شۆڕش) دەستمان بەکار کرد و بۆ ماوەیەک بارەگامان لە گوندی (وەسان)ی دۆڵی باڵەییان جێگیربوو، جاری وا ڕوویداوە لە ڕۆژێکدا دوو سروودمان بۆ ئێزگەی کوردستانی عیراق تۆمارکردووە، ئەمەش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی زیاتری ورەی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان، جاری وایش بووە لەبەر دڕندەیی و بێ بەزەیی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی دوژمن، لەو بارە نا ئاساییانەدا لەبەر ڕاکردن بۆ ناو حەشارگەکان بۆ خۆ شاردنەوە، لە هەفتەیەکدا ئینجا توانیومانە دوو سروود یا پارچە موزیک یانیش گۆرانی بۆ ئەو ئێزگەیە تۆماربکەین. لە دۆڵی باڵەییانیش کە وەک بەهەشتی پەروەردگارە و هەرچی جوانی دنیا هەیە خوا بەو شوێنەیداوە، جار جارە هەندێ لە گۆرانیبێژان بۆ لامان دەهاتن، ئەگەر بۆ سەردان بوایە یان بۆ تۆمارکردنی گۆرانی و سروود. (مام ڕەسوڵ گەردی) کە بارەگای خۆی بریتی بوو لە خێوەتێکی سەربازی، لە تەلانێکی (دەربەندی ڕایات)ی هەڵدابوو، خوا هەڵناگرێت خۆشیدەویستین و مانگانە جارێک سەری دەداین. جارێ لەو جارانە گۆرانیبێژ (کەریم کابان) بۆ لامان هات، دواتر نۆتەی دوو گۆرانی ئەو هونەرمەندەمان بۆ هات، بۆ ئەوەی من و مامۆستا (سەردار ئەحمەدی شمشاڵ و فلوت ژەن) پرۆڤەی لەسەر بکەین، گۆرانییەکانیش گۆرانی (شەو) و گۆرانی (یاران وەسیەتم) بوون، لەبیرمە (Solo)یەک لە گۆرانی (یاران وەسیەتم) بەمن درابوو، ئەو سۆڵۆیەم بە ئامێری (جومبوش) لێدا، جا هونەرمەند کەریم کابان کەسێکی زۆر خۆشەویست و دەم وزار شیرین بوو، ئەوەندە هەوەسی بەو سۆڵۆیەی من دەهات، بۆیە هەمیشە و دوای ئەو ماوەیەش هەرجارێ کە دەیدیتم ستایشی ئەو پارچە سۆڵۆیەمی دەکرد و دەیگوت: (وریا گیان دەزانی ئەو پارچە سۆڵۆیەت زۆر شیرین ژەنیوە!)، ئەو کەسانەی ئەو ماوەیە مەبەستم لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٤ ـ ١٩٧٥) پێشمەرگە بوونە، کاتێک ئەو دوو گۆرانییە نوێیە لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عیراقەوە بڵاوکرانەوە، لەبیریانە کە ئەو دوو گۆرانییەی کەریم کابان زۆر خۆش و سەرکەوتوو بوون و لە ناوچە ئازادکراوەکان کاریگەرییان لەسەر زەوقی خەڵکی و پێشمەرگەیش جێهێشت و دەنگیان دایەوە. دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول بە ماوەیەک بەهۆی برای ئازیزم هونەرمەند (عومەر سەرکار)ـەوە تێگەییم کە (تیپی مۆسیقای سلێمانی) خەریکە ئەو دوو گۆرانییەی ئەو هونەرمەندە دوای گەڕانەوە بۆ شارەکان لە گەڵ بەرهەمی نوێی تیپەکەدا، جارێکی دی تۆماریاندەکاتەوە و ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانیش بەتەمان داوەتنامەم بۆ بنێرن و سۆڵۆی گۆرانی یاران وەسیەتم هەر من دووبارە بە جومبوش بیژەنمەوە. لە ڕاستیدا بەو قسەیە زۆر دڵخۆش بووم، چونکە ئەوکارە مەبەستم توندکردنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی تیپەکان بە تایبەتی ئەوسا ماناکەی گەورەبوو، دیارە ئەوکارە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەندامانی ئەو تیپە حەز بە کوردایەتی دەکەن نەک شارچییەتی و بەلایشیانەوە گرنگ نییە کێ ئەو سۆڵۆیە لێ دەدات، بەقەد ئەوەی بەلایانەوە گرنگە لە ڕووی هونەرییەوە ئەو سۆڵۆیە چۆن لێبدرێت! بۆیە من لێرەوە هەر چاوەڕێ بووم، کە بۆ ئەو مەبەستە بەدوامدا بنێرن، کەچی مخابن دواجار بۆم دەرکەوت کە من لە چاوڕوانی (گۆدۆ)دا بوومە، چونکە بەرهەمی نوێی (تیپی مۆسیقای سلێمانی) گەیشتە هەولێر و شوێنی سۆڵۆی جومبوشەکەی منیش لەو گۆرانییەدا بە ئامێری (کەمان) درابوو!؟ بەڵام ڕاستییەک هەیە و حەز دەکەم دوای هەموو ئەو ساڵانە بیدرکێنم ئەوەش نەک هەر لەبەر ئەوەی بڵێم چونکە زووتر خۆم ئەو سۆڵۆیەم لێداوە، بگرە بەڕای کەسانی هونەرمەند و هونەردۆستیشەوە، ئەوانەی برادەر و نزیکم بوون و خاوەنی گوێچکەی موزیکن و شتی باش لە هی دی جیادەکەنەوە، ئەوانیش ڕایان وابوو کە: (ئەو سۆڵۆیەی زووتر من بە جومبوش بۆ ئەو گۆرانییەم لێدابوو، گۆرانییەکەی درەوشاوەتر کردبوو و ڕەونەقێکی سەیریشی بەو گۆرانییە دابوو!)، بەڕای من لە دووبارە تۆمارکردنەوەی گۆرانییەکەدا و گۆڕینی ئەو سۆڵۆیە بۆ ئامێری کەمان لەگەڵ ڕێزم ئیتر ئەو شتە هەستی پێنەدەکرا.

سەرچاوە و پەراوێز:

* میهرەگان: هونەرمەند (مەزهەری خالقی) باسی ئەو وشەیەی بەمجۆرە کردووە: (لە جەژنی میهرەگان کە جەژنێکی زۆر گرینگە گۆرانیم گوت، لە ئایینی زەردەشتدا مانگەکان هەریەکە و بۆنەیەکیان هەیە، مانگی میهرەگان مانگێکە کە هەموو ساڵان بە خۆشی و شادی بەسەر میللەتدا تێدەپەڕێت،) دواتر دەڵێت: (پێموایە هەر ئەو وشەی میهرەی ئێمەیشە عەرەبەکان کردوویانە بە میهرەجان..تاد). گەلێجار مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف)یش ئامۆژگاری کردووین کە لێرەودوا لە جیانی زاراوەی (فێستیڤاڵ) زاراوەی سەر بە ئایینی دێرینی خۆمان، (میهرەگان) بەکاربێنین. بڕوانە ئەو نامیلکەیەی لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٥/١٩)دا ڕۆژی ڕێزلێنانی گۆرانیبێژ (مەزهەری خالقی) لەلایەن (ژاوێن شاڵی)یەوە بۆ بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ ئامادە کرابوو.

* بڕوانە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٥٤)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩) لاپەڕە (٦١). ساڵەکانی (١٩٤٥ ـــ ١٩٤٦)، کە ئەو هونەرمەندە بەڕێزە ئەوکاتە لە ئێزگەی کوردی بەغدا هەفتانە ڕۆژێک ئاهەنگی ڕاستەوخۆی پێشکەش کردووە، جارێ من لە دایک نەبوومە! شایانی باسە لەبەر خۆشەویستی هونەرمەند کەریم کابان و ڕۆڵی جوانی هەر لەوساوە تا ئەمڕۆ لە پێشخستنی گۆرانی کوردیدا، ئەو نووسینەی گۆڤاری (بەیان)م جارێکی دی لە گۆڤاری (چلاوان)ی ژمارە (٤٧)ی کانوونی دووەمی (٢٠١٠)دا، لە لاپەڕە (٢٧) لە ژێر ناونیشانی (چەن سەربردەیەک) دووبارە بڵاوکردۆتەوە.





# ئەو دەنگەی کە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرت!



**ناسر ڕەزازی**

ئەو کاتەی کە شۆڕشی ئەیلوول لەگەرمەی برۆبرۆیدا بوو، ترس لەوەی کە نەکا سەرهەڵدان لەلای ئێمەش دەست پێ بکا، ساواک ناودۆژی نێوان ئێران و ئێراقی نە تەنیا کلۆم کردبوو، بەڵکو ناوچەکەشیان خستبووە ژێر ڕا چاوی ساواک و موخابەرات و تەنانەت قاچاخچییەکانیشیان ڕاچاو (کنترل) دەکرد و بارەکانیشیان دەپشکنی کە نەکا کاسێتی گۆرانیی گۆرانیبێژەکانی باشوور بگەنە لای ئێمە، ئەو سەردەمەی کە شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ هات و کورد کەوتە ناو گێژاوی دەربەدەری و ماڵوێرانیی و راگواستن، تیپی شۆڕش کە هەموویان بە پشتوێنی ڕەش گەییشتنە سنە، کۆچکردووان عوسمان عەلی و عومەر خەزان و ئیبرایم سابیر و حسەین وەندییان لەگەڵ بوو، لە تەلەڤزیۆنی سنە گۆرانییان گوت و، گوڕوتینێکی زۆریان خستە ناو دڵی هۆگران و تینووانی گۆرانیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە خەونمان بە باشووری کوردستانەوە دەدیت و ئاواتمان ئەوە بوو کە گۆرانیبێژەکانیان لە نزیکەوە ببینین، یەکێک لەو گۆرانیبێژانەی کە لەلای ئێمە زۆر خۆشەویستە و بە چوونی بۆ شاری سنەی دەستەخوشکی سلێمانی و ڕێزی خەڵکەکەی بۆ ئەو گۆرانیبێژە، قسەکانی من دەسەلمێنێ، مامۆستا کەریم کابانە، ئەو هونەرمەندە لەلای ئێمە زۆر خۆشەویست و جێگای ڕێزە.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ و سەرەتای ١٩٧٩ کاتێک کە تیپی سلێمانی لە فێستیڤاڵی بەغدا گەڕانەوە، بەرهەمەکانیان گەییشتنە لای ئێمە و زۆربەی بەرهەمی گۆرانیبێژەکانی سلێمانی کە گۆرانیبێژەکانیان بریتی بوون لە مامۆستایان کەریم کابان، قادر کابان، برایم خەیات، عوسمان عەلی، حەسەن گەرمیانی و چەند گۆرانیبێژی دیکە و، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بەرهەمەکانیان تۆمار دەکرد، زۆربەیان بەناوی مامۆستا کەریم کابانەوە لەلای ئێمە بڵاو دەبووەوە، بەڵام دواتر وردەوردە بە هۆی پێوەندی شۆڕشی هەر دوولا و رادیۆکوردییەکان ئەوانیشمان ناسی.

لێرەدا قسەکردن لەسەر مامۆستا کەریم کابان و بەرهەمەکانی، بە بێ تیپی مۆسیقای سلێمانی و مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی و مامۆستا خالید سەرکار و مامۆستا سەلاح ڕەئووف و مامۆستا زانای مەحموود هەژار و ئەو بەڕێزانەی دیکە کە لەو تیپەدا خەبات دەکەن، ناگاتە ئەنجام، چوونکە تا ئەو جێگایەی کە من بیزانم مامۆستا کەریم کابان تا ئێستاش کە شوکور بۆ خوا زیندووە و پیرێکی خوێنشیرین و بەڕێزە، هەر لەگەڵ ئەو تیپە ماوەتەوە و ئەو تیپەش هەر بە وەفاوە لەتەکیا ماونەتەوە.

کارەکانی مامۆستا لە ئاستێکی باش و ڕێکوپێکدا تۆمار کراون، هەرچەند ئەو سەردەمە وەکو ئێستا نەبوو، تەکنیک جۆرێکی دیکە بوو، گرووپ و گۆرانیبێژ پێکەوە گۆرانییان تۆمار دەکرد، بەڵام بە پشتیوانیی خەڵک و ڕەنجی خۆیان ئەو بەرهەمانەیان ئافەریە دەکرد.

لەڕاستیدا لەناو ئەم هەموو گۆرانیبێژانەدا بۆچی مامۆستا کەریم کابان ئاوەها دەنگی بوو بە سارێژدەری دڵی بەسۆی ئێمە؟ یەکەم لەبەر ئەوە بوو کە کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی کە لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە کاریان دەکرد باش و تازە و لەهەمان کاتیشدا مۆرکی ڕەسەنایەتی خۆی پاراستبوو، لەلایەکی دیکەشەوە گۆرانییەکانی مامۆستا کەریم کابان هەڵگری دوو پەیام بوون: یەکێکیان ئەو ئاوازەجوان و تازەگەلە بوون کە خۆی دایدەنان، ئەو ئاوازانە بەرگی شێوازێکی تازەیان لەبەر کردبوو کە ئێستاش لە گوێی ئێمەدا دەزرنگێنەوە و تا ئێستاش شیوازێکی ئاوەها لە کوردستاندا نەهاتۆتەوە سەر گۆڕەپانی گۆرانیی کوردی، ئەوی دیکەشیان ئەو هۆنراوە بەرز و پڕواتاگەلەی شاعیرەبەرزەکانی باشوور بوون کە ئاوازەکانیان دووئەوەندەی دیکە خۆش و بەپێز کردبوون، دیارە دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە مامۆستا کەریم کابان خاوەن دەنگێکی بەسۆز بوو، دەنگێک کە لەسەر هەست و ئاوەزی مرۆڤ شەوتیان دادەنا، ئەو گۆرانییانەی کە مامۆستا کەریم کابان لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆماری کردوون، ڕاستە لە هەموو کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە، وەلێ مۆرکی شاری سلێمانییان پێوەیە، ئەو شارەی کە ئاڵاهەڵگری هونەر و وێژەی کوردییە و لە شۆڕشی کۆن و نوێی باشووری کوردستاندا دەور و نەخشێکی هەرمانی دیوە، مامۆستا کەریم کابانیش ڕۆڵەی ئەم شارەیە و مۆرکی ئەو شارە وا بە گۆرانییەکانییەوە.

گۆرانییەکانی مامۆستا کەریم کابان لە کاتێکدا هاتنە بەرهەم، کە کورد تووشی ناهومێدیی بووبوو، مامۆستا کەریم کابان هەرچەند لەژێر دەسەڵاتی بەعسی خوێنڕێژ و گۆڕبەگۆڕدا دەژیا و گوشار و زۆرێکی یەکجاری لەسەر بوو، بەڵام دیسان توانی بە پشتیوانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و چەند هونەرمەندی مووزیکزانی وەکو مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی و مامۆستا خالید سەرکار و مامۆستا سەلاح ڕەئووف و.. هیدیکە لەو سەردەمە ئەنگوست لەچاوەدا ئەو بەرهەمە بەپێزانە بخولقێنن و لە گوێ و دڵی گوێگردا جێگای خۆیان بکەنەوە و بۆ ئێمەش کە لەژێر دەسەڵاتی ساواک و ڕژێمی پاشایەتی شای گۆڕبەگۆڕدا تەنیا گۆرانی کوردی و کوردی ئاخافتنی ناو کۆڵان و ماڵانمان بۆ مابووەوە نەخشێکی زۆر گرنگ ببینێ و ببێتە هۆی ئەوە کە ئێمە لەوێ لاساییان بکەینەوە و بە گۆرانییەکانی ئەوان خۆمان فێری گۆرانیگوتن بکەین، من کە دەستم بە گۆرانیگوتن کرد، ڕاستە ڕەدووی قوتابخانەی نەمران مامۆستا تاهیر تۆفیق و مامۆستا حەسەن زیرەک و مامۆستا موحەممەدی ماملێ و مامۆستا عەلی مەردان بووم، لە کاسێتی یەکەممدا کە بە کیبۆردێکەوە تۆمارم کرد، بە گوتنەوەی گۆرانییەکی مامۆستا کەریم کابان و گۆرانییەکی مامۆستا برایم خەیات و چەند گۆرانیبێژی دیکە، هەنگاو بنێمە ناو جیهانی گۆرانیگوتن، ئەو کاسێتە یەکەم ئەزموونی من بوو لە گۆرانیگوتندا.

بەراستی گۆرانییەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی کە مامۆستا کەریم کابان یەکێک لە گۆرانیبێژەکانی بوو، نەخشێکی باشیان لە زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەییدا بینی. بەڕای من مامۆستا کەریم کابان یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی شێوازی نوێی گۆرانی کوردییە بە پشتیوانی تیپی سلێمانی، ئەگەر کۆچکردوو قادر کابانیش بمابایە هیچ دەستکەمێکی لە مامۆستا کەریم کابان نەدەبوو، چوونکە ئەویش هەر یەکێک بوو لە ئاڵاهەڵگرانی گۆرانی نوێ لە باشووری کوردستان. لەپەنا ئەم هونەرمەندە گۆرانیبێژانەشدا، تیپی مۆسیقای سلێمانی، بەرهەمەکانیان شاز و کلاسدار بوو، زۆرکەس لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاسایی گۆرانییەکانی مامۆستا کەریم کابانییان دەکردەوە، مەرزیەی کۆچکردوو ئەو سەردەمەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە (دانشسەرای مقدماتی) واتە سەرای زانست بۆ دەسپێکی خوێندن، دەستی بە گۆرانیگوتن کرد، لاسایی مامۆستا کەریم کابانی دەکردەوە و بە گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە هاتە ناو جیهانی هونەری گۆرانی.

دەنگی مامۆستا کەریم کابان و گۆرانییەکانی ئێستاش هەر زاخاودەری مێشک و گوێی خەڵکی ناو کۆمەڵگای کوردەوارییە، هەرچەند بە پێی تەمەنی هونەریی خۆی بەرهەمەکانی زۆر نین، بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە تۆماری کردوون، جوان و ڕازاوە و ڕێکوپێکن و چەپکەگوڵێکە لە خەرمانی چەپکەگوڵەکانی سەرتۆپی گۆرانی و مۆسیقای کوردی. من لێرەدا هیوای لەش ساغی و سەربەرزی بۆ مامۆستا کەریم کابان دەخوازم و هیوادارم وێنەی ئەو مامۆستایە لە کوردستان زۆر بێت.





# گۆرانی کوردی سەرەتاو دابڕان
# «کەریم کابان، دەنگی ئازاری رۆحی خۆی»



**دێرین حامد**

زۆرجار بەدیار گۆرانییەکەوە دادەنیشم، لەخۆمدەپرسم «کورد»چییە؟ ئایا «کورد»بوون چییەو ئێمە بەچی سەرەنجامێک دەگەیەنێت؟ کوردبوون لەدەرەوەی ناسیۆنالیزم و نیشیمان پەروەری بۆمن مانایەکی گەردوونی هەیە. هەمیشە دەڵێم دەشێت دوای ئەو هەموو کارەساتەی کەبۆ قڕکردنی کورد دروستکراوە چی حیکمەتێک وایکردبێت کە کورد وەک نەتەوەیەکی زیندووبهێڵێتەوە.

قسەکە ئەمەیە من چۆن کەگوێ لەگۆرانییەک دەگرم ئەم هەموو پرسە بەخەیاڵمدا گوزەردەکات.

لەبەر ئەوەی هەمیشە من زۆر بەقوڵییەوە بەدوای هونەردا دەگەڕێم. هەمیشە بمەوێت میللەتێک بناسم پەنا بۆ هونەرەکەی دەبەم، گوێ لەموزیک و گۆرانییەکەی دەگرم سەیری سینەماکەی دەکەم دواتر لەجوگرافیا و مێژووەکەی دەکۆڵمەوە، ئەسڵەن زۆرجار موزیک و گۆرانییەکەی وادەکات ئیتر پێویستنەکات بەدوای هیچدابگەرێم.

من هەمیشە وتووەمە عاشقی هونەری رۆژهەڵاتم، من لەنێو رۆژهەڵاتدا گۆرانی کوردی زۆر بەقوڵی دەم هەژنێنێت، ئەڵبەت ئەمە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەلایەنی نیشتیمان پەروەری و بەوەی کەمن سەربەنتەوەیەکم کەکوردە، بەڵام کوردبوون بۆمن دەم گەیەنێتە قۆناخی شانازی، گۆرانی کوردی لەگەڵ ئەوەی کە مێژوویەکی دێرینی هەیە خاوەن تایبەتمەندی و سەلیقەیەکی گەردوونییە. هەمیشە «حەسەن زیرەک و ماملێ و خالقی و کەریم کابان»کە ئەمانە کەمێکن لەو هونەرمەندانەی کە زۆر بەقوڵی دەم هەژێنن.

گۆرانی کوردی نەوەک ئەوەی خاوەن خەسڵەتێکی گەورەی تایبەت بەخۆیەتی و ناچێتەوە سەر هیچ نەتەوە و میللەتێکیتر، بگرە زۆر بەتەواوی گوزارشت لەبوونی کورد خۆی دەکات، وەک نەتەوەیەکی گەردونی و تایبەت. گۆرانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەرۆحی کوردخۆیەوە سەرچاوەدەگرێت لەدەشت و شاخەکان و نێو خێڵو دەنگی رەشەباکەیەوە دروستدەبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا لەنێو خودی خۆیدا گۆرانی کوردی بووە بە گوزارشتکردن لەهەرناوچەیەکی دیاری کراو، بەمانای ئەوەی کەزۆرینەی ناوچەکانی کوردوستان خاوەن دەنگ و تایبەت مەندی خۆیەتی و ناچێتەوەسەر هیچ ناوچەیەکیتری.

بۆنموونە گۆرانی و حەیرانی دەشتی هەولێر زۆر جیاوزە لەسیاچەمانەی هەورامان و لەلاوکی بادینان.

گۆرانی کوردی دەتوانم لەدووقۆناخدا ئامژەی پێبدەم:-

قۆناخی یەکەم :- قۆناخی گوندنشین و خێڵەکانە یاخود ئەوانەیە کەبەشێوەیەکی گشتی گوزارشتییەکی لادێییانەیە کەدەتوانم بڵێم ئەمە زۆر رەسەن و کاریگەرە وەک لاوک و حەیران و سیاچەمانە.

قۆناخی دووەم:- قۆناخی مۆدێرنە و شارییە لەگۆرانی کوردی هەڵبەت دەشێت لەژێر پرسیاردا ئەمە بنووسم چونکە پرسیارێکی گرنگ هەیە کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە ئەویش ئەمەیە کەئایا»ئێمە شارمان هەیە»؟ بەمانا فەلسەفی و کلتورییەکەی. بەڵام بۆئەوەی روونتر بۆچونەکەم بگات من ئەم قۆناخە ناودەنێم قۆناخی بونیادنی شارلەگۆرانی و موزیکی کوردیدا.

کە پێموایە سەرجەمی ئەمە سەرەتاکەی پەیوەندی بە گۆرانییە رۆح هەژێنەکانی «سەید علی ئەزغەری کوردوستانییەوە»هەیە.

من ئەم قۆناخە بەتەنها لەرێگەی سێ لایەنەوە دیاری دەکەم:

١-تێکست

٢-جۆری ئەرجمێنت و دابەشکردنی موزیک

٣-شێواز دەربڕینی وشە و تێکستەکە.

سەیدی کوردوستان زۆر وەستایانانە لەرێگەی شیعرەکانی ئەحمەدموختار و تاهیربەگەوە ئەم قۆناغەدەستپێدەکات و پێموایە دەبێتەیەکەم کەسێک کە گۆرانی لەهەوا و زارەکی و راگوزەرەوە هێنایە ناو ئەرشیف و تۆماری کرد.

دواتر حەسەن زیرەک زۆر وەستایانە لەرێگەی پەنجەی میرزادە و هاورێکانییەوە قۆناخێکی زۆر باش دێنێتە نێو هونەری کوردی و بناخەیەکی بەهێز دادەنێت.

وە بەدوای ئەمدا خالقی زۆر کارامانە ئەم کارەدەگەیەنێتە لوتکە و دەبێتە یەکەم دەنگی رەسەن کە زۆر مۆدێرنانە و لەرێگەی ئۆکستراو موزیکێکی ئۆکسترای و مۆدێرنەوە وەک بەختیار عەلی دەڵێت گۆرانی کوردی لەگوندەوە دێنێتەشار.

هەڵبەت من ئەم ناوانە وەک کاریگەرترین ناوەکان بەبۆچونی خۆمدەهێنم کە توانیویانە راچەنین و قۆناخی نوێ لەگۆرانی کوردی دروستبکەن. ئێمە لەم سەردەمانەدا کە ئەم هونەرمندانە ناوەکانیانم هێنا خاوەن هونەرمەندی تری رەسەنین.

کەریم کابان ئەو دەنگەرەسەنەیە کە راستەوخۆ لەنێو دڵی شارەوە دێتەدەرێ ئەو بەگۆرانییەکانی پەیامێکی گرنگ لەسەردەمێکی شپرزە دەگەیەنێت.

ئەو ئیتر لەقوڵایی خۆیەوە گوزارشت لەدڵ و دەروونی، لەشارەکەی لەکلتوری میللەتەکەی دەکات، لەگەڵ ئەوەی کەریم کابان یەکێکە لەرەسەنترین دەنگەکانی گۆرانی کوردی من پێموایە شان بەشانی قادر دیلان یەکێکە لەشاریترین ئەودەنگانەی کەلەمێژووی هونەری گۆرانی کوردیدا حزوریان هەیە.

بەداخەوە ئەمڕۆ لەنێو قوڵایی تەکنۆلۆژیاو دنیای کرانەوەدا، زۆر بەرهەمی کرچوکاڵ دەبینین کە بەستایلی جۆراوجۆرو ئیفێکتی ناخۆش ناوخۆشەوە دەیانەوێت خۆیان بخزێننەناو گوێچکەمانەوە، بەڵام ناتوانن. ئەمڕۆ لەپێشکەوتوترین سەردەمی کورددا کەتائیستابەخۆیەوە نەبینیوە سەردەمێکی ئاوەها زێڕین چی لەروی ژیانی مادیی و چی لەروی کرانەوەی کلتوریدا، ئەو بەرهەمانەی کە لەدڵ و دەروونی ئێمەی «کورد»داکەناسنامەی»کورد»بونیخۆمانمان بیردەهێننەوە لەپەنجەکانی دەستێک تێناپەڕن. زۆرجار باس لەپێشکەوتن و رەسنایەتی دەکرێت.

بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی گۆرانی بێژی ئێمە وەعی بەم دووچەمکەنییە دەکەونە هەڵەی زۆرگەورەوە بەشێکیان پێیان وایە «پێشکەوتن»ئەو ساتەیە کەدەستبەرداری سەرجەم مێژووی خۆت دەبیت و دابڕان دروستدەکەیت چی لەروی معریفییەوەبێت یان لەرووی ئالەت و ئەو ئامێرەموزیکاینە بییت کەبەکاری دەهێنن.

بێگومان بەشیکی گەورەی داهێنان ئەوساتەیە کەکەسی داهێنەر «شەق-درز»دەخاتە نێو سەردەمی پێش خۆی و سەردەمی دوای خۆی هەروەک ئەوەی»سەید علی ئەسغەر و خالقی و کاروان عوسمان و دیاری و قەرەداغی و زەکەریا»کردویانە.

هەڵبەت هەریەکێک لەمانە لەسەردەمێک دەردەکەون کەتارادەیەکی زۆر هونەری گۆرانی کوردی لەدۆخی وەستان و چەق بەستندابووە، بەڵام ئەمانە کەدەردەکەون لەگەڵ خۆیان ستایلێکی نوێ، سەرەتایەکی نوێ، لەگۆرانیمان پێدەناسێنن کەدەبێتە هۆکارێک بۆدابڕانی سەردەمەکەی لێی دەرکەوت و سەرەتایەک بۆسەردەمێکیتر.

لەگەڵ ئەوەش دەتوانن لەو سەردەمەی کەدروستی دەکەن بۆجارێکیتر خوێنێکی نوێ ببخەشنەوە بەو کەسانەی کاری هونەری دەکەن و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ وایان لێدەکەن لەژێرکاریگەری ئەوان بەرهەمی باشتر و ناوزەتر بێتەبوون.

«عەدنان کەریم»لەنێو گۆرانی کوردیدا من بەو تاکە گۆرانی بێژەی دادەنێم کەناچێتە هیچ قۆناغێکی دایاری کراوەوە، ئەو بەردەوام لەهەموو قۆناغ و سەردەمێکدایە، عەدنان کەریم ئەوکەسەیە کەوەک کاسپەر لەسەردەمی ئێستامان خۆیدەکات بەسەدساڵ پێش ئیستاماندا و کاتێک گۆرانی دەڵێت ئێمە دەنگی دەناسینەوە و وامان لێدەکات بەدەوام گوێی لێبگرین، وەکاتێک دێتەئیستامان وەک پڕجۆشترین و ساحییرترین دەنگ سەرسامان دەکات و دڵنیام کاتێکیش دەچێتە داهات و هەرئاوا بەشکۆمەندییەوە گۆرانی دەڵێت. عەدنان کەریم ئەودەنگەیە کەلەم سەردەمە جەنجاڵ و پڕ ژاوە ژاوەی ئیستامندا زۆربەجوانی



# کەریم کابان
# زیاتر لەهونەرمەندێک






**فەرید زامدار**

نووسین دەربارەی هەندێ لەکەڵە ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندانی داهێنەر و خاوەن بەرهەم و بەخششی بەردەوام، کارێکی هەروا ئاسان نییە. هونەرمەند (کەریم کابان) لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان پێش ئەوەی ببێتە ناوێکی گەورە و ناودار، من هەر لەو دەمانەدا بە (گۆرانییەکانی) ئەو کەڵە هونەرمەندە ئاشنا بووم بە تایبەتی بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا هەموو بەیانیەک گۆرانی (بەری بەیانە، زڕەی فنجانە)ی پەخشی دەکرد ناوە ناوەش ئاهەنگێکی گۆرانی ئەو بە چەند گۆرانییەک پەخش دەکرا من ئەو دەمانە کە لەقۆناغی تەمەنی هەرزەکاریمدا بووم، سەرسام بووم بە دەنگ و ئاوازەکانی. زۆریشم حەز دەکرد ڕۆژێ لەرۆژان بە دیداری شاد ببم، ڕۆژان هاتن و ساڵان تێپەڕین تاکو ساڵی ١٩٧٤ لەشۆرشی ئەیلولدا لەنزیکەوە یەکترمان و دیت و سەرەڕای جیاوازی تەمەن بووین بە دوو برادەری نزیکی یەکتر، بە تایبەتی ئەو هونەرمەندێکی داهێنەر و پڕ لە بەخششی هونەرییەو دووبارە نابێتەوە.

بیرەوەرییەک کە قەت لەیادەوەریەکانم ناسڕێتەوە ئەو ڕۆژە بوو کە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٥ کە ئێمەیان سواری لۆرییەکی (زیلی) ئێرانی کردو ئەویش بە گریان و منیش بە گریانێکی لەو بە سۆزتر ماڵئاواییمان کردو پاشان ئەویش دوای چەند مانگێک لەدوای ئێمەوە گەڕاوە کوردستانی عیراق و جارێکی تر لەسلێمانی بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە.



ناسنامەی کوردبوونی خۆمانمان پێدەڵێت و پێمان دەڵێت کە ئێمەکوردین.

دووەمین تەنگەژەو هەڵەی گەورە کەدووچاری نوێ خوازەکانی ئێمەبووەتەوە مەسەلەی رەسەنایەتییە بەداخەوە لەپێناو ئەم وشەیە زۆرکەس کەوتونەتە هەڵەی کوشندەوە هەروەک چۆن پێشکەوتن وایکرد کەشپرزەیی و ناماقولی و سەرەولێژی توشی زۆر گۆرانی بێژبکات ئاوەهاش پابەند بوون بەم «رەسەنایەتیە> هەمان حاڵەتی دروستکردووە. رەسەنایەتی و «کورد»بوون ئەوەنییە دەستێک جلی کوردیت لەبەردابێت، ئەوەنییە بەکوردی دەنگ بەزرکەیتەوە و گۆرانی بلێیت، وەک چۆن ئەوە نییە کەبەدەهۆڵ و باڵەبان پێمان بڵێیت تۆ کوردیت و گۆرانی کوردی دەڵێیت. کەریم کابان و لەو هونەرمەندانیە بەبێ ئەم پێویستییانە توانیویەتی پێمان بڵێت کەلەکوێوە سەرچاوەدەگرێت. من گومانم نییە لەوەی هەرکەس کەگوێی لەدەنگی ئەم پیاوەببێت لەهەر شوێنێکی دنیاوە دەزانێت ئەمە دەنگێکە لەگەردووندا هەیە، واتە دەنگێکی ئینسانییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەنگە بەتەنها ناسنامەبوونی نەتەوەیەکە کەناوی کوردە. هەڵبەت نەوەک تەنها کەریم کابان کە بەوشەی کوردی ئەم کارەدەکات.

بەڵکو کەسانێکی وەک کامکارەکان ئەگەر بەتەنها یەک ئامێر بژەنن کە ئامێرێکی رۆژئاواییشبێت کەسی خاوەن سەلیقەدەزانێت ئەو تۆن ودەنگە بەتەنها یەک سەرچاوەی هەیە.

میرزدە جارێک لەچاپێکەوتنێکدا زۆر بەجوانی باسی ئەم حاڵەتەمان بۆدەکات، ئەو وتی من هەمیشە کەلەگەڵ هەر هونەرمەندێکی فارسدا کاردەکەم»شەجەریانبێت یان کاتی خۆی هایدە و مەهستی وموعین و»هەرگۆرانی بێژێکیتربێت، گەورەترین کێشەیان لەگەڵ من ئەوەیە کەدەڵێن تۆزۆر کوردییانە دەژەنیت، ئێمە ئەمەمان ناوێت . ئەویش دەڵێت: ئەوەستام و جارێکیتر بەخواستی ئەوان دەسم دەکردەوە بەژەنینی کەمانەکەم بەڵام هەمان شت دووبارە دەبویەوە لەبەرئەوەی ئەم هەستە ئەو رۆحەکوردییە لەپەنجەکانماندایە، من ناتوانم وازی لێبێنم وەئەگەربشمەوێت هەرناتوانم لەبەر ئەوەی هاتووەتە ناو رۆحمەوە ئەم کوردبوونە» سەیرکەن هونەرمەندی گەورەچۆن باس لەکوردبوون و رۆحی کوردبوون دەکات، لەکاتێکدا ئەم هونەرمەندە کەمترین وشەی کوردی دەزانی قسەی پێبکات.

کەواتەپێویستییەکان تەنها بۆ خۆخەڵەتاندنە نەوەک بۆداهێنان ئەگیان هەرکەس کوردبوون لەرۆحیدابێت یەک وشەی کوردی بەکارنەهێنێت و تەنانەت بۆساتێکیش کوردوستانی نەبینیبێت دەتوانێت ئەو رۆحەکوردییە دروستبکات، لەبەر ئەوەی ئەم رۆح و رەسانایەتییە بەجلوبەرگ و بەفۆرم دروستنابێت، وەک ئەوەی ناسیۆنالیزمەکان بانگەشەی بۆدەکەن بەڵکو ئەمە هەستێکە لەناوەوە تەنها دەبێت وەک منداڵ پەروەردە بکرێت رەنجی بۆبکێشێنرێت، تەنها ئەوکاتە دەبێت کە لەقوڵی هونەرمەند لەمانای ئینسان گەڕابێت و کەشفی گەردونی لەهەموو مادە و ناوبانگەکان لاگەورەتربێت.

بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی هونەرمەندی ئێمە شوێن هونەرکەوێت و داهێنان ناوباگی پێ ببەخشێت شوێن ناوبانگ دەکەوێت بەهیوای ئەوەی داهێنانی کاتی و ساتی پێیبەخشیت.

کەریم کابان لەو دەنگانەیە، لەو هونەرمەندانەیە کەدڵنیام بەتەنها خودی خۆی، خودی پێویستی رۆحی پاڵی پێوەناوە کە گۆرانی بڵێت، ئیتر هیچ شتێکیترنەبووە، هەربۆیە جارێک بۆبێمروەتی شەم و جارێک بۆتەمەنی پرلەئەسرینی و لەدەست چوی گۆرانی دەڵێت و بەژمارەیەکی کەمی گۆرانی مێژوویەکی گەورە بۆخۆی تۆماردەکات. ئەوەی وامان لێدەکات بەرێزوە سەیری ئەم پیاوەبکەین تەمەنەکەی نییە. بەڵکو ئەوەیە ئەم هەربەگەنجی و لەگەڵ یەکەم گۆرانیدا خۆی گەوردەکات و وامان لێدەکات بەرێزەوە سەیری بکەین.

ئەوە تەنها هونەر و داهێنانی ئەم ئەم ئینسانە مەزنەیە کەوادەکات هەرگیز نەتوانین لەبیری بکەین.

ئەشیت کەریم کابان کاری زۆرگەورە و دابڕنی گەورەی دروست نەکردبێت لەمێژووی هونری کوردیدا وەک ئەوەی خالقی و سەید عەلی ئەسغەرکردوویانە.

بەڵام ئەو لەخراپترین سەردەمی ژیانی کورددا توانی بەهێواشی تەنها بۆخۆی دوور لەراگەیاندن و حیزب بەتەنها بەدەنگی ناوازەی خۆی مێژویەکی تایبەت دروستبکات.

زۆرجار گۆرانییەکانی کەریم کابانم وەک شیعرەکانی حەمەعومەرعوسمان دێتەپێش چاو، ئەو بێ ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بەهەڵچونی میللی و نەتەوەییەوە وەک ئەوەی زۆربەی هونەرمەندە راگوزەرەکان دەیکەن، دێت بەتەنها لەخەمی خۆی دەدوێت بەڵام بەرۆحێکی کوردیانەوە بەدەنگ و هەست و غوربەتێکەوە کەدڵنیام لەتەواوی بووندا بەتەنها کورد خاوەنییەتی.

-تێبینی/ لەهەندێک شوێندا هەستم بەوەکردووە کە دابڕان و دورکەوتنەوەهەیە لەسەربابەتەکە، بەڵام ئەم نوسینەم بەدەرفەتێک زانی بۆئەوەی چەند بۆچونێکی خۆمی تێدادەرببرم.

-تەواوی ئەم نوسینە بۆچونی خۆمەو دورەلەهەر هەڵسەنگاندنێکی زانستی، چونکەمن هەمیشە دەمەوێت بەوچاو و ئامەنجەسەیری مێژوبکەم کەخۆم دەیبینم نەوەک مێژوونوس و ئەکادییمەیەکان بۆمان دەگێڕنەوە.

















ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەریدەکات
21th Year No: 5831 Mon. 16 / 7 / 2012

خاوەنی ئیمتیاز
د. فواد مەعسوم

سەرنووسەر
ستران عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیار
مەحمود نەجمەدین

نەخشەساز
هێمن ئیبراهیم